# تەکنیکەکانی بەکارهێنانەوەی وێنە ئەرشیفییەکان لەبەرهەمهێنانی فیلمی بەڵگەنامەیی تایبەت بە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە

ئاوات نامیق ئاغا [١]، ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا [١]، دڵشاد مستەفا رەحیم [٢]

١ بەشی ڕاگەیاندن، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
٢ بەشی فیلمسازیی، کۆلیجی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لەو تەکنیکانەی کە بۆ بەکارهێنانی وێنە ئەرشیفییەکان لەبەرهەمهێنانی فیلمە بەڵگەنامەییەکانی تایبەت بە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە، لە ڕێکەوتی ١٦ی مارتی ١٩٨٨ و ڕۆژانی دواتریدا، بەکارهاتوون. بۆ ئەو مەبەستە توێژەر هەشت فیلمی لە چوار کەناڵی ئاسمانیی کوردیی KNN, NRT, Rudaw, K24 کە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤-٢٠٢٢ دا بەرهەمهێنراون، دەستنیشان کردووە. ڕێبازی توێژینەوەکە جۆری وەسفییە؛ وەک ئامرازیش شێوازی شیکردنەوەی ڕواڵەتیی وێنە بەکارهاتووە، کە یەکێکە لە ئامرازە باوەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆکە میدیاییەکان. لێرەوە چەند خشتەیەک وەک یەکەی شیکاریی بۆ ئەو تەکنیکانە ئامادەکراون کە بۆ ئەم فیلمانە سوودیان لێبینراوە؛ و لە کۆتاییشدا توێژینەوەکە گەیشتۆتە کۆمەڵێک دەرئەنجام، لەوانە تێگەیشتن لەوەی کە بە گوێرەی پۆلینکردنەکەی بیڵ نیکۆلس، زۆرینەی ئەم فیلمانە تەنها لە سێ شێوازدا خۆ دەنوێنن کە بریتین لە هەریەک لە شرۆڤەیی، چاودێریی، و ئاوێتەیی بە ڕێژەی کەمترین، لەکاتێکدا هەرسێ شێوازەکەی تری هەڵبەستیی، نمایشیی و ڕەنگدانەوەیی پەنایان نەبراوەتە بەر و بەکارنەهێنراون.

**کلیلە وشەکان:** هەڵەبجە، کیمیایی بارانکردن، فیلمی بەڵگەنامەیی، تەکنیک، ئەرشیف، وێنەی جوڵاو، وێنەی وەستاو.

## پێشەکی

یەکێک لە ئامرازە هەرە دیارەکانی ئەو فیلمە بەڵگەنامەییانەی باس لە مێژوویەک، دیدێکی سیاسییانە، یاخود دەرخستن و سەلماندنی ڕاستییەک دەکەن کەرەسە ئەرشیفییەکانن، لە ناویاندا وێنەکان؛ جا چی جوڵاو بن وەک فیلم و ڤیدیۆ یاخود وەستاو بن وەک فۆتۆگراف، هێڵکاریی، نیگار، تابلۆ.. تاد؛ کە هەمیشە لە پێناو نزیکبوونەوە و دەرخستنی تەواوی ڕاستییەکان وەک بەڵگەی گرنگ پەنایان دەبرێتە بەر.

لێرەوە بەکارهێنانەوەی ئەو وێنە ئەرشیفییانە شارەزاییەکی تەواویان پێویستە، و بەرپرسیارێتییەکی گەورەش دەخەنە ئەستۆی فیلمساز کە دەخوازێت بە ئاگاییەکی بەرپرسانە و هونەرییانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، و بتوانێت ئەو تەکنیکانە هەڵبژێرێت کە بە هۆیانەوە فیلمەکەی تۆکمە دەبێت و کاریگەریی لەسەر چەسپاندنی چیرۆک و پەیامی فیلمەکەی بە ڕوونیی و ڕاستگۆیی بۆ بینەرانی مسۆگەر دەکات.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییانەیە بۆ تێگەیشتن و بە ئاگا بوون لە هەموو ئەو تەکنیکانەی لە بەکارهێنانەوەی تێکرای ئەو وێنە ئەرشیفییانەی لە هەشت فیلمی بەڵگە نامەیی تایبەت بە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجەدا پەنایان براوەتە بەر، کە وەک نموونە لە هەر چوار کەناڵی تەلەفیزیۆنی کوردیی ئاسمانیی KNN, NRT, Rudaw, K24 لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤ – ٢٠٢٢ وەرگیراون؛ تا لەوێشەوە بتوانرێت توانستی ئەو تەکنیکانە لەسەر برەوپێدانی گێڕانەوەی چیرۆکی فیلمەکان و ئەو کاریگەرییانەی لەسەر بینەرانیان دایدەنێن ئاشکرا بکرێن.

## بەشی یەکەم
## ڕێبازنامە

### ١.کێشەی توێژینەوە:

ئەگەرچی وێنە ئەرشیفییەکان پێکهاتەیەکی گرنگی فیلمە بەڵگەنامەییەکانن، بەڵام تا ئێستا وەکو پێویست نازانرێت تەکنیکەکانی بەکارهێنانەوەیان لە فیلمە بەڵگەنامەییەکانی تایبەت بە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجەدا کامانەن؛ واتە جۆرێک لە ناڕوونیی و ناڕۆشنیی لە چۆنییەتی و شێوازی بەکارهێنانەوەیاندا، بەدیدەکرێت. لێرەوە لە ئەنجامی ئەم کێشەیەدا، توێژینەوەکە ئەم کۆمەڵە پرسیارە دەوروژێنێت:

أ- ئایا ئەو تەکنیکانە کامانەن، کە بۆ بەکارهێنانەوەی وێنە ئەرشیفییەکانی تایبەت بە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە سوودیان لێ وەرگیراوە؟

ب- ئایا ئەو گۆشانەی کامێرا کامانەن، کە بۆ وێنە ئەرشیفییەکانی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە بەکارهاتوون و توانیویانە بچنە خانەی خزمەتکردن بە گێڕانەوەی تراجیدیاکە؟

پ- ئایا ئەو جوڵانەی کامێرا لە وێنە ئەرشیفییەکانی تایبەت بە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجەدا بەکارهاتوون، کام ئاماژەی بینینسازیی لە خۆ دەگرن؟

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 10، العدد 2(2024)؛ عدد الصفحات (17)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v10n2y2024.pp26-42
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 26 تشرين الثاني 2023؛ قُبل في 10 كانون الثاني 2024؛ نُشرت في 18 نيسان 2024؛
البريد الإلكتروني للمؤلف : awat.mustafa@univsul.edu.iq, ibrahim.fathulla@univsul.edu.iq, dilshad.razawa@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2024 ئاوات نامیق ئاغا، ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا، دڵشاد مستەفا رەحیم. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

## ٢. گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئاستی کردەیی (پراکتیکیی) و زانستیی کۆمەڵێک گرنگیی هەن لەوانە:

آ- بەرچاوڕوونیی بۆ ئەو فیلمسازانەی کە مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە فیلمە بەڵگەنامەییانەدا دەکەن تا بزانن چۆن بە وریاییەوە تەکنیکەکانی بەکارهێنانەوەی وێنە ئەرشیفییەکان پیادە بکەن.

ب- تەقەلایەکی بە سوودە بۆ کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان تا بتوانن بەهۆی ئەم تەکنیکانەوە بەشێوەیەکی کاریگەرانەتر فیلمە بەڵگەنامەییەکانی تایبەت بە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە بەرهەمبهێنن.

پ- کۆمەکی توێژەران دەکات بە جۆرێک لە ئایندەدا فۆرمێکیان لەبەردەستدا بێت بۆ چۆنییەتیی شیکاری تەکنیکەکانی بەکارهێنانەوەی وێنە ئەرشیفییەکان لە فیلمە بەڵگەنامەییەکانی تایبەت بە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجەدا.

ت- نێوەندی ئەکادیمیی کوردیی بە هۆی کەمیی توێژینەوەی ئەکادیمیی بە تایبەت لەم بوارە هەستیارەدا دەوڵەمەند دەکات.

## ٣. ئامانجی توێژینەوە:

آ- دیاریکردنی ئەو تەکنیکانەی کە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ وێنە ئەرشیفییەکانی تایبەت بە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە، لە فیلمە بەڵگەنامەییەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەکارهاتوون.

ب- بە ئاگابوون لەو ڕاستییەی کە، تا چەندە توانراوە لە ڕێگەی ئەم تەکنیکانەوە چیرۆکە ڕاستەقینەکانی ناو ئەم فیلمە بەڵگەنامەییانەی تایبەت بە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە بەرهەمهێنراون بگەنە بینەران؟

پ- تێگەیشتن لە توانستی ئەو تەکنیکانەی بۆ وێنە ئەرشیفییەکانی فیلمە بەڵگەنامەییەکانی تایبەت بە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە، لە بەرجەستە کردنی ئازارەکان و تراجیدیای خەڵکەکەیدا بەکارهێنراون.

ت- خستنە ڕووی ئەو ئامرازانەی تر کە ڕەنگە لە پاڵ تەکنیکەکانی بەکارهێنانەوەی وێنە ئەرشیفییەکاندا بتوانن پەیامەکانی ئەم فیلمە بەڵگەنامەییانەی تایبەت بە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە لای بینەران جێگیر و تۆکمەتر بکەن.

## ٤. ڕێبازی توێژینەوە:

ڕێبازی ئەم توێژینەوەیە، لە جۆری وەسفییە؛ وەک ئامرازیش شێوازی شیکردنەوەی ڕواڵەتیی وێنە بەکارهاتووە، کە یەکێکە لە ئامرازە باوەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆکە میدیاییەکان.

## ٥. کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە تەواوی ئەو فیلمە بەڵگەنامەییانەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان سەبارەت بەکیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە بەرهەمیان هێناون؛ وەک نموونەش بە شێوەیەکی ناهەڕەمەکیی مەبەستدار، هەشت فیلمی بەڵگەنامەیی وەک بەرهەمی چوار کەناڵی جودای ئاسمانیی کوردیی کە بریتین لە KNN, NRT, Rudaw, K24 دەستنیشان کراون، کە پێشتر توێژینەوەی ئەکادیمیایان لەسەر نەکراون.

## ٦. کورتەیەک لەسەر کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی ئەم توێژینەوەیە:

**کەناڵی ئاسمانیی KNN :** تۆڕی هەواڵی کوردیی Kurdish News Network-KNN، سەرەتا لە ٣١ی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ وەک کەناڵێکی سەر بە کۆمپانیای وشە بۆ کاری ڕاگەیاندنی کوردیی، بە هەردوو زمانی کوردیی و عەرەبیی لە شاری سلێمانی دەستی بەپەخشی بەرنامەکانی کرد، دواتر خرایە سەر ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی گۆڕان، و سەرچاوەی دارایی کەناڵەکە خرایە ئەستۆی ئەم بزووتنەوەیە (فەتحوڵا،حەسەن،٢٠٢١، ل١٤٩) ئەم کەناڵە بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئاواتی پێشخستنی چاکسازییە لە هەموو کایەکانی ڕامیاریی، ڕۆشنبیریی، هۆشیاریی، کۆمەڵایەتی، ئابووریدا بەرەو باشتر خزمەتکردنی گەلی کورد. (KNN TV, n.d.)

**کەناڵی ئاسمانیی NRT:** کورتکراوەی Nalia Radio & Television واتە ڕادیۆو تەلەفیزیۆنی نالیا، ساڵی ٢٠١١ دەستی بە پەخشی بەرنامەکانی کرد، بارەگای سەرەکیی لە شاری سلێمانییە، لەلایەن کۆمپانیای نالیاوە بەڕێوە دەچێت، و شاسوارعەبدولواحید ئیبراهیم سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ خاوەنداریێتیی دەکات (ڕاضی، فتح الله، امین،٢٠٢١، ص١٣٧)

ئەم کەناڵە وا باس لە خۆی دەکات کە 'دوانگەی سەرەکیی سەرجەم بەرهەمەکانی دامەزراوەی میدیایی نالیایە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەروەختی نەبوونیی یان دەگمەنیی تۆڕێکی ڕاگەیاندنی پیشەیی بەرپرسیار لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا، و لە ساڵی ٢٠١٠دا بەدروشمی "ڕاستگۆیی، هاوسەنگی، بوێریی" دەستەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی ناحزبیی سەربەخۆ لە کارنامە و ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو؛ بەئامانجی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە میدیاییە دەرکەوتن و کەوتنە کارکردن. (nrtOne TV, 2021)

**کەناڵی ئاسمانیی Rudaw :** لە ساڵی٢٠١٣ وە دەستی بەپەخشی بەرنامەکانی کرد، بارەگای سەرەکیی لە شاری هەولێردایە و لەلایەن کۆمپانیای ڕووداو بۆ کاری ڕاگەیاندن پشتیوانیی و خاوەنداریێتیی دەکرێت، و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەڕێوە دەبرێت (U.S. Department of State:2022)

کەناڵی ڕووداو سەر بە تۆڕی میدیایی ڕووداوە، کە دامەزراوەیەکی قازانجویستە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەخوازێت زانیاریی و ڕووداوەکان بە شێوازێکی پیشەییانە پەخش بکات، و وا باس دەکات بۆ گەیاندنی پەیامەکەی خۆی نابەستێتەوە بەهیچ سنوورێکی جوگرافیایی یان ئایدۆلۆجییەوە، بەڵکو دیدگایەکی جیهانیی فراوانی هەیە.(Rudaw Media Network, n.d.)

**کەناڵی ئاسمانیی K24 :** کورتکراوەی Kurdistan 24 لە ساڵی ٢٠١٥ وە دەستی بە پەخشی بەرنامەکانی کرد، بارەگای سەرەکیی لە شاری هەولێرە، و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەڕێوە دەبرێت ( U.S. Department of State:2022)

ئەم کەناڵە سەر بە دامەزراوەی کوردستان24، ە کە نێوەندێکی میدیایی تایبەتە بە توێژینەوە و ڕاگەیاندن، و بانگەشەی ئەوە دەکات، بێلایەنانە و پیشەییانە بەرهەمی پوختی میدیایی پێشکەش دەکات، و کار بۆ بڵاوکردنەوەی کولتووری ژینگەپارێزیی، پەروەردەی تەندروست، بەرزکردنەوەی پابەندی تاك بۆ خاك و نیشتمان دەکات. وێڕای پەرەدان بە بیری سەربەخۆیی لە کوردستاندا(About Kurdistan 24," n.d.").

## ٧. بوارەکانی توێژینەوە:

آ- بواری کات: کاتی بەرهەمهێنانی ئەو فیلمانەن لەسەر کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە لەنێوان ساڵانی ٢٠١٤ تا ٢٠٢٢ دروستکراون.

ب- بواری شوێن: شوێنی بەرهەمهێنانی فیلمەکان، هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی هەرێمی کوردستانی عێراقن کە بنکەی سەرەکیی هەر چوار کەناڵەکەیان تێدان.

پ- بواری بابەت: ئەو فیلمە بەڵگەنامەییانەی هەر چوارکەناڵە ئاسمانییە دیاریکراوە، کە لە ماوەی ئەو نۆ ساڵەدا بە بەکارهێنانی وێنە ئەرشیفییەکان لەسەر کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە، دروستیان کردوون.

### ٨. توێژینەوەکانی پێشوو:

سەرەڕای ئەوەی توێژینەوەیەکی هاوبابەت کە ڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ بەکارهێنانی وێنەی ئەرشیفی لە فیلمە بەڵگەنامەییەکانی تایبەت بە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجەدا کردبێت، لەبەر دەستدا نییە، بەڵام توێژەر لە دوای گەڕان بە نێو کتێبخانەی ئەکادیمییدا ژمارەیەک ماستەرنامە و توێژینەوەی زانستیی بەرچاوکەوتن کە تاڕادەیەک لە کایەی فیلمی بەڵگەنامەیی کوردییدا کاردەکەن و بە جۆرێک لە جۆرەکان نزیکن لەگەڵ گۆڕراوەکانی ئەم توێژینەوەدا کە بریتین لە :

١- توێژینەوەی (حسین، ٢٠١٠) : ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تیشک خستنەسەر، جۆر و ناوەڕۆکی فیلمە بەڵگەنامەییە بەرهەمهێنراوەکانی، بەشی بەڵگەنامەیی کەناڵی ئاسمانی کوردسات، لە شێوازی بەکارهێنانی لایەنە هونەرییەکانی وەک دەنگ و ئامرازەکانی گواستنەوەی قەبارەی وێنەی بەکارهاتوو کاری کردووە. بۆ ئەو مەبەستە توێژەر سەراپای ئەو ٤٩ فیلمەی دەستنیشان کردووە کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧- کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ دا بەرهەمهاتوون. توێژەر بە بەکارهێنانی ئامرازی شیکاریی ناوەڕۆک گەیشتۆتە کۆمەڵێک دەرئەنجام لەوانە، فیلمە بەڵگەنامەییە بەرهەمهێنراوەکانی کەناڵی ئاسمانیی کوردسات هەمەجۆرن و پشتیان نەبەستووە بە شێوازێکی هونەریی ورد و جیاواز لە بەرهەمهێناندا، هەروەها بابەتی فیلمەکان زۆرتر کۆمەڵایەتیی و ژیانی تایبەتیی کەسەکانن، و ئەوانی تر بایەخیان پێ نەدراوە. لە بەرهەمهێنانی فیلمەکاندا پلاربێژ (قسەکەرەکان Commentators ) زۆرتر لە ڕەگەزی نێر بوون.

٢. توێژینەوەی (فەتحوڵا، حەسەن، ٢٠٢١)، توێژینەوەیەکی شیکاریی ڕواڵەتییە بۆ نموونەیەک لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی هەردوو کەناڵی GK, KNN کراوە و هەوڵدەدات چۆنییەتیی بەکارهێنانی جۆرەکانی کۆککردن (Editing) لە بەرهەمهێنانیاندا بخاتە ڕوو. توێژەران گەیشتونەتە ئەو دەرئەنجامەی کارتێکەری بڕین (Cut) وەک شێوازێکی گونجاو لە کۆککردنی هەواڵدا بەکارهێنراوە، لە کاتێکدا Insert وەک چارەسەرێک بۆ تێکەڵکردن Mix پەنای براوەتە بەر؛ کە بە بڕوای توێژەران وەک کەلێنێک لە کۆککردندا ئەژمار دەکرێت.

توێژەران دواتر پێشنیاری ئەوە دەکەن کە لەپاڵ وێنەی جوڵاو و وەستاوی ڕاپۆرتەکانی هەواڵدا، هەوڵ بدرێت گرافیک بەکار بهێنرێت؛ بەو پێیەی ڕوونکردنەوەی پتر دەبەخشێتە ڕاپۆرتە هەواڵییەکان و هەمانکات کاریگەریی زۆرتر لەسەر دەروونی بینەران دروست دەکات.

٣. توێژینەوەی (سەعید، ٢٠٢٢): لە ڕووی ڕێبازەوە ئەم توێژینەوەیە وەسفیی شیکارییە؛ تێیدا توێژەر ڕۆشنایی خستۆتە سەر چۆنێتیی بەکارهێنانی وێنە لە فیلمە بەڵگەنامەییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستاندا، و بۆ ئەو مەبەستە بیست و حەوت فیلمی وەک نموونە لە هەر چوار کەناڵی Kurdsat News, Rudaw, K24, NRT دەستنیشان کردووە. لە گرنگترین دەرئەنجامەکاندا دەردەکەوێت، کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان زۆرترین بایەخیان بە فیلمە بەڵگەنامەییەکانی جۆری شرۆڤەیی داوە. هەروەها کەناڵەکان هەمەچەشنییان لە بەکارهێنانی جۆرەکانی وێنەدا کردووە، و زۆرترین گرنگییان بە نیشاندانی وێنەی ڤیدیۆیی داوە، ئەمەش ئەنجامێکی ئەرێنییە چونکە فیلمە بەڵگەنامەییەکان وا دەخوازن ڕووداوەکان بە ڕاستیی وەک خۆیان نیشان بدرێن. سەرچاوەی وێنەکان خودی وێنەگرانی کەناڵەکە بوون، لە کاتێکدا بەپێی بابەت و ناوەڕۆکی فیلمەکان پەنا بۆ وێنەی ئەرشیفییش براوە. جگە لەوە توێژەر وا پێشنیار دەکات کە فیلمسازان بۆ ڕوونکردنەوەی وێنە بەکارهێنراوەکان و گواستنەوەی زانیارییەکان لە فیلمەکانیاندا بەشێوەیەکی گونجاو وەک ڕەگەزێکی گرنگ و کاریگەر بایەخیان بەبوونی پلار داوە و زۆرترین دەنگی پلاربێژ لە ڕەگەزی نێرن و کەمتر بایەخ بە ڕەگەزی مێ دراوە.

٤. توێژینەوەی (رەشید، ٢٠١٨) : ئەم توێژینەوەیە وەسفییە و باس لە لەبیرچوونەوەی ئەو تاوانە گەورەیە دەکات کە ساڵی ١٩٨٨ بەرامبەر شاری هەڵەبجەدا کراوە. توێژینەوەکە لە هەردووک لایەنی ئەرێنیی و نەرێنیی بەخشینی زانیاریی، لە ئەنجامی نیشاندانی فیلمی بەڵگەنامەیی لەسەر ئەو تاوانە نامرۆڤانەیە دژ بە دانیشتوانی سلێمانی و هەڵەبجە بەتایبەت دەکۆڵێتەوە؛ بۆ ئەو مەبەستە توێژەر چەند فیلمێکی بەڵگەنامەیی و دوو ئەڵقەی بەرنامەی (سۆما)ی کەناڵی ئاسمانی کوردساتی هەڵبژاردووە. لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە تەلەفیزیۆنەکان بە ئاستێکی باش گرنگییان بە کارەساتی هەڵەبجە داوە، بەرنامە بەڵگەنامەییەکان گرنگییان بەئەرکەکانیان داوە بە تایبەت ئەرکی ڕووماڵی مەبەستدار. بەرنامەکان بۆ خستنە ڕووی کارەساتەکە پشتیان بە زۆرترین دیدگا بەستووە. هەر پەیوەند بەو خاڵە، ئەوە ساغ بۆتەوە کە بۆچوونی خەڵکانی نموونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە کارەساتەکە بە تایبەت لە ئاست دژایەتیکردنی بەعسدا هەمەجۆرە. هەروەها لە کاتێکدا هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بە رادەیەکی باش پشت بە بەرنامەی بەڵگەنامەیی تەلەفیزیۆنی دەبەستن کەچی جیاوازییەکی زۆر دەربارەی کارەساتەکە لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت. سەرەڕای ئەوەی کە بینەران لە ڕەگەزی مێ زۆرتر لە ڕەگەزی نێر پشت بە بەرنامەکان دەبەستن، و وەک تەمەنیش لە چل ویەک ساڵ بەرەو ژوور زۆرترینن؛ وەک ئاستی زانستییش هەڵگرانی بڕوانامەی باڵا، وەک پیشەش بێکارەکان، وەک باری ئابووریش ئەوانەی موچەیان ملیۆنێک دینار و زۆرترە و وەک جێگەش هەڵەبجە.

٥. توێژینەوەی (عباس، ٢٠١٨): توێژەر لە توێژینەوەکەیدا هەشتا فیلمی بەڵگەنامەیی تایبەت بە تۆماری باری کۆمەڵگای هەرێمی کوردستانی عێراق لە ماوەی نێوان ٢٠٠٣/١/١ تاکو ٢٠١٥/١٢/٣١ شیکار کردووە؛ ئەمە جگە لەوەی کە کنە و شیکاریی بەکارهێنانی بابەتە بەڵگەنامەییە بینراوەکانی بۆ تۆماری دۆخی کۆمەڵگای عێراقیی دوای داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا کردووە. بەشێک لە دەرئەنجامە گرنگەکانی ئەم باسە بریتییە لەوەی کە فیلمە بەڵگەنامەییە دیاریکراوەکانی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم لەسەر ناوەڕۆکی سیاسیی بە دوایدا کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، ڕۆشنبیریی، ژیاننامە، و ئەنجا ڕاگەیاندن چڕ بوونەتەوە کە بە پێی بۆچوونی توێژەر لەگەڵ ئەو سروشتەی دوای داگیرکردنی عێراق ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمەریکاوە لەوڵاتدا هاتە گۆڕێ، یەکدەگرنەوە. لێرەوە " رزگارکردن و داگیرکردن"، " ئاشتیی و پێکەوە ژیان" بە پلەی یەکەم، "تیرۆر" و "ئەنفال" بە پلەی دووەم و " بیروباوەڕی ئاینیی" ، "هەڵەبجەی شەهید"، بە دوایدا "پێشمەرگە"، " گۆڕە بە کۆمەڵەکان" و دواترینیشیان " خەتەنەی مێینە"، " تایبەت بە منداڵ"، " سەربەستیی دەربڕین لە هەڵبژاردنەکاندا".. تاد دێن. ئەمە جگە لەوەی دەرکەوتووە زۆرینەی فیلمە بەڵگەنامەییەکان بە پلەی یەکەم لەسەر ناوچەی سلێمانی، ئەنجا

ناوچەی هەولێر و دهۆک، دواترینیشتیان کەرکوک و هەڵەبجەن. هەروەها هۆکاری هەرە گرنگی تەماشاکردنی ئەم بەڵگەنامەییانە بە پلەی یەکەم ئەوەیە کە لە "بابەت و کێشەکانی کۆمەڵگا" دەکۆڵنەوە، بە دوایدا بۆ" زانینی رووداوە هەنوکەییەکان" ە، بەڵام بە پلەی سێیەم " یارمەتیدانی تێگەیشتنە لەو کێشانەی کە ئەوانی دی بەرەو رووبان دەبنەوە و ڕەنگە منیش تووشیان بم" .. تاد. هەرچی پەیوەستە بەلایەنی کاریگەرێتیی ئەرێنییشەوە لەسەر بینەران ئەم فیلمە بەڵگەنامەییانە وا دەر دەخەن، کە بە پلەی یەکەم وا لە بینەران دەکەن "بەگژ دۆخە ناوخۆییەکاندا بچنەوە" بە دوایدا "بەگژ بەرپرسەکاندا بچنەوە" و بە پلەی سێیەمینیش بۆ "زانینی رووداوە مێژووییەکان" بووە.

٦. توێژینەوەی.(2023) Karim, H. F., & Baser, B. ئەم بابەتە بە زمانی ئینگلیزییە، بە ناوی 'کۆبیرەوەریی کۆمەڵگاکانی دوای جینۆساید؛ پێداچوونەوە بە بەرگەگرتنی ئازار و بەرگریی لە هەڵەبجەدا' زانکۆی کامبریدج لە بری دامەزراوەی خوێندنی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بڵاوی کردۆتەوە. ئەم نووسینە لەو بیرەوەرییە هاوبەشانە دەکۆڵێتەوە کە لە ئەنجامی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجەو دەوروبەریدا دروست بووە؛ لەبەر رۆشنایی ئەو گفتوگۆیانەی کە سەبارەت بە بیرەوەریی و ئاشتەوایی کۆمەڵگاکان دوای ئەو کۆمەڵکوژییە کراون دەکۆڵێتەوە، و لەوە دەروانێت کە چۆن دروستبوونی کۆبیرەوەریی و بیرەوەریی دوای بیرەوەریی لە ناو رزگاربووانی پەلامارەکە و نەوەکانیاندا دروست بووە. لایەنی پرشنگداری ئەم نووسینە لەو کۆکردنەوەیەدا خۆ دەبینێتەوە کە لە نێوان گەواهیی قوربانییەکاندا بەدەست هاتووە و لە بنەوە دیدگایەک دروست دەکات، کە جودایە لەو گێڕانەوە فەرمییانەی دەستەبژێری کوردو ناکورد وەک بەشێک لە گێڕانەوەی سەروو خۆیان دەربارەی ئەوەی لەو رۆژەدا لە هەڵەبجە روویدا و چۆنییەتی بەرز ڕاگرتنی دایانڕشتوون. ئەوەی لە وتەکانی رزگاربووەکاندا دەردەکەوێت ئەوەیە دانیشتوانی هەڵەبجە، بیرەوەریی هێرشی کیمیایی سەر شارەکەیان وەک داچڵەکێنێکی بەردەوام لە ئەندێشەیاندا دەمێنێتەوە، کە دەبێتە هۆکاری دروستبوونی بۆچوونێکی بە کۆمەڵ بۆ ڕابردوو و بەردەوام پێناسێکی بە کۆمەڵیان بۆ دروست دەکات. لە کاتێکدا هەموو نەوەیەک ئەم بیرەوەرییە بۆ نەوەکانی دوای خۆی دەگوێزێتەوە، دەیانەوێت دوور لە گووتارە فەرمییەکان لە ڕێگەی بۆنە هاوبەشەکانەوە داد بەدەست بێنن. ئەم خەڵکانە لە گەواهینامەکانیاندا وەک چۆن سەرزەنشتی رژێمی سەدام حسێن دەکەن؛ بەهەمان پێوەر لە دەسەلاتدارانی ئێستای هەرێمی کوردستانیش بە گلەیین.Top of FormTop of Form

### ٩. سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو:

بەشێک لەو سوودانەی لەم توێژینەوانەی پێشووەوە وەرگیراون، بریتین لە زانیین و ئاشنابوون بە هەندێک لەو سەرچاوە گرنگانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە بەکەڵکن، لەپاڵ شوێنپێهەڵگرتنی شێوازی شیکردنەوە و دیاریکردنی یەکەکەکانی شیکارییدا. هەمانکات وەک چۆن لە رووی پلاندان و گرتنەبەری هەنگاوە زانستییەکانی توێژینەوە لەم بوارەدا سوودیان لێ وەرگیراون، بەهەمان شێوە بۆ بڕیاردان لەسەر رێبازی توێژینەوەی هاوچەشن و هاوبابەتی تایبەت بە وێنە ئەرشیفییەکانیش لە فیلمە بەڵگەنامەییەکاندا پڕ بایەخن.

لەم ڕوانگەیەوە لێکچووەکانی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ ئەوانی دی پێش خۆیدا بریتیین لە جەختکردنەوە لە سەر بەکارهێنانی وێنە بۆ زۆرتر برەوپێدانی فیلمە بەڵگەنامەییەکان؛ وەک لێکنەچوونیش دیارە ئەم توێژینەوە تەنها جەخت لەسەر وێنە ئەرشیفییەکانی ناو ئەو فیلمانە دەکاتەوە کە تایبەت بە کیمیایی بارانکردنی شاری هەڵەبجە دروست کراون، نەک بابەتەکانی دی.

## بەشی دووەم
## لایەنی تیۆریی توێژینەوەکە

### ١.دەروازەیەک بۆ فیلمی بەڵگەنامەیی:

فیلمی بەڵگەنامەیی کە ئینگلیزییەکەی (Documentary) و بە عەرەبیی(وثائقي) دەگرێتەوە؛ وەک لە ناوەکەیدا هاتووە جۆر (جۆنرا) یەکی تایبەتە لە فیلم پشت بە بەکارهێنانی بەڵگە دەبەستێت، کە ڕەنگە بینراو، بیستراو یاخود هەردووکیان بن.

ناونانی ئەم جۆرە فیلمانە ماوەیەکی خایاند؛ یەکەم کەس کە ئەم ناوەی بەسەردا دابڕی جۆن گریسۆنی سکۆتلەندایی بوو، دوای ئەوەی فیلمی "موانا"ی ساڵی ١٩٢٦ی رۆبەرت فلاهێرتی بینی و بڕیاری دا ئەم کایەیە لە بەرژەوەندی حکومەتی بەریتانیادا بەکاربێنێت. (اوفدرهایدي، ٢٠١٣، ص ١١)

فەرهەنگی ئۆکسفۆردیش بۆ خوێندنی فیلم وا دەبەخشێت، بەڵگەنامەیی جۆرە پراکتیزەکردنێکە لە فیلمسازیی کە بە مەبەستیی رۆشنبیرکردن، زانیاریی پێبەخشین، گفتوگۆ، هاندان، وریاکردنەوە، یاخود تێرکردنی زانینخوازیی (فضول)ی بینەرە کە وەک هاوڵاتیی لە کایەیەکی گشتییدا مامەڵە لەگەڵ کێشە (بە زۆریی هەنوکەیی) ە ڕاستەقینە و رووداوی دامەزراوەکان و خەڵکی دەکات؛ لێرەوە بابەتەکان بە جۆرێک هەڵدەبژێردرێن و ڕێک دەخرێن وەک ئەوەی هەن نەک وەک ئەوەی دروستکراون . شێوازەکەشیان بریتییە لە فیلمگرتنی خەڵکانی ڕاستەقینە وەک خۆیان و لە جێگەی تەواوی خۆیان بە بەکارهێنانی رووناکیی سروشتیی و دەنگی دەوروپشت. (Kuhn& others,2020, p146)

هەرچەندە لە ئێستادا ئەو بیرۆکەیەی پێی وایە فیلمی بەڵگەنامەیی لەو هەرسێ بۆچوونەی دەڵێن کە؛ یەکەم رووداوەکان پێویستە نەخشە بۆکێشراو نەبن وەک ئەوەن کە خۆیان روو دەدەن؛ دووەم جیهانی بەڵگەنامەیی ڕاستەقینەیە نەک ئەندێشەیی، سێیەم فیلمسازیی بەڵگەنامەیی تەنها چاودێریی دەکات و بابەتیانە رووداوەکان تۆمار دەکات، کەوتۆتە بەر نەشتەر؛ لەبەر ئەوەی کە هەموو ئامادەگییەکی کامێرا کاریگەریی دەخاتە سەر رووداوەکان، جگە لەوە فیلمسازەکانی بەڵگەنامەیی چەندەها تەکنیکی جۆراو جۆر بۆ دانانی فیلمەکان پێکەوە بەگەڕ دەخەن؛ ئەوان تەنها رووی کامێراکانیان ناکەنە خودیی وێنەگیراو و لیگەرێن کامێرا بگەڕێت. فیلمسازەکان ناتوانن هەر چاودێریی بکەن و بابەتیانە تۆمار بکەن چونکە چەندین هەڵبژاردن لە گۆشەکانی کامێرا، هاوێنەکانی کامێرا، جۆری فیلم.. تاد دەکەن. ئەمە جگە لەوەی بڕیار لەسەر کۆککردن (Editing)ی وێنەکان (گرتە) کان پێکەوە دەدەن؛ بەم جۆرە وا دەکات کە بەڵگەنامەییەکە زۆر کەسیی و خودیی دەربکەوێت.
(Buckland, 1998, pp. 103-104)

وەکوتر بەڵگەنامەییەکان، هەڵبەستراون و چنین ئامێزن، و وەک هەر فیلمێکی گێڕانەوەیی دی کارەکتەریان تێدایە، دۆخ و بۆنەیان تێدایە. .Nichols.1991) p107)

### ٢. جۆرەکانی فیلمی بەڵگەنامەیی:

فیلمە بەڵگەنامەییەکان دەشێت لە سەر زۆر بابەتی وەک کۆمەڵایەتیی، مێژوویی، ڕامیاریی، پڕۆپاگەندەیی، زانستیی، ڕۆشنبیریی، هونەریی، وەرزشیی، گەشتیاریی، ژیاننامەی کەسی، کێشەی بابەتیی، خودیی، دایەلێکتیکیی،.... تاد، بەڵگەنامەیی درامیی، یاخود دەرخستنێکی ڕۆژنامەوانییانە، بنیات نرابن. (Selway, 2017) بەڵام وەکو تر بەپێی لێکدانەوە و پۆلێن کردنەکەی بیل نیکۆلس دابەش دەبن بەسەر شەش جۆر(mode) ی سەرەکیی جوداوە، کە هەریەکەیان تایبەتمەندێتیی و خەسڵەتی تایبەتی خۆیانیان هەن. ئەو جۆرانەش بریتین لە هەڵبەستیی (شیعریی) Poetic، شرۆڤەیی Expository، چاودێریی Observational، ئاوێتەیی Participatory، ڕەنگدانەوەیی Reflexive، نمایشیی Performative. (Nichols, 2017, p 113)

لە ئەنجامی ئەم پۆلێن کردنەدا دەتوانین بڵێین کاتێک بینەرانی ئەم فیلمانە تەماشای جۆرێکی تایبەت دەکەن، چەشنە چاوەڕوانییەکیان لەو جۆرە لە لا دروست دەبێت و وا پێشبینیی دەکەن فیلمەکە ئەو خەسڵەتە باوانەی لە خۆ گرتبێت کە ئەو جۆرە پێیان دەناسرێنەوە؛ بەڵام هەروەک کاثرین سێلوەی دەنووسێت، کاتێک دێتە سەر شێوازەکانی فیلمی بەڵگەنامەیی ڕاست و هەڵە نییە، زۆر جار جۆرەکان پێکەوە تێکەڵ دەکرێن یاخود بەیەکدا دەچن. جۆرەکانی نیکۆلز بە ساکاریی وا لە بەڵگەنامەیی دەکات، کە پێناسەی خۆی و ئەو ڕێگایەش خۆی پێ دەردەخات بکات هیچ یاسایەک نییە کە بە هۆیەوە بەڵگەنامەیی دروست بکرێت بەڵام کۆمەڵێک ڕێنمایی و تێبینی هەن. (Selway, 2017)

### ٣. وێنەی ئەرشیفیی لە فیلمی بەڵگەنامەییدا

ئەرشیف وەک لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرددا پێناسە کراوە، بریتییە لەو کۆمەڵە بەڵگەنامانە یاخود تۆمارانەی زانیاریی لەسەر حکومەتێک، خێزانێک، جێگەیەک، دامەزراوەیەک دەبەخشن و ئەو جێگەیەش کە ئەم تۆمارانەی تێدا هەڵدەگیرێن. (Oxford Learner's Dictionary, n.d.) ، ئەرشیف واتە شتێک کە لە کۆگا یان جێگەیەکدا هەڵگیراوە و وەک کەرەسەیەکی بەهادار گلدراوەتەوە. :ICA) International Council on Archives,2007)

سەرچاوەکانی ڕەنگە سەرەتایی بن وەک نامە، ڕۆژنامە، بڵاوکراوە، نووسراو، فۆتۆگراف، فیلم، کتێب، فایلی کۆمپیوتەریی، یاداشتنامە، یان هەر بەڵگەیەک کە لەلایەن کەسان یان دەزگایەکەوە کۆکرابێتنەوە. شەین ئۆبسولیڤەن وا باس دەکات، گرنگی ئەرشیف لەوەدایە کە بەکارهێنانی سەنگ و قورساییەکی زۆر دەداتە فیلمی بەڵگەنامەیی؛ بەتایبەت وێنەی جوڵاو وا دەکات ئەو بەرهەمە بگەیەنێتە ئاستێکی زۆر سەرکەوتوو و، جێگەی باوەڕ پێکردن و ئەو دۆخەش بخوڵقێنێت کە ڕاستییەکانی تێدا دەربکەون. .(Martis, 2009)

### ٤. وێنە وەک ڕەگەزێکی بەرهەمهێنانی فیلمی بەڵگەنامەیی:

بەکارهێنانی فۆتۆگراف، ڤیدیۆ، شریتی هەواڵ، نووسراو، ڕۆژنامە، کتێب، گۆڤار، دەنگ، هەر کەرەسەیەکی تری پەیوەست دەتوانن جۆرێک لە متمانە لە سەر ڕاستگۆیی و پاکیی ئەو بەرهەمە لەلای بینەرانی دروست بکەن. کێن بێرنس وا باس دەکات ئەو کەرەسانە بینەر زۆرتر بە بابەتەکەوە دەبەستنەوە و وای لێ دەکەن تەواو هەست بەو ڕووداوانە بکات کە خودی خۆی ئاگاداریان نەبووە. (Ken Burns. Master Class, 7 June 2021) گەرچی گرنگ نییە تا چەندێک ئەو وێنانە کۆنن یان نوێ دیارن، بەڵام بە دڵنیاییی تا پتر وەک خۆیان بهێڵرێنەوە و دەستکاریی نەکرێن ئەو متمانەیە لای بینەران تۆکمەتر دەبێت.

زۆرێک لە فیلمسازانی جیهان لەو باوەڕەدان وێنەی دەستکاریی نەکراو یاخود گرتەی فیلمی چاکنەکراو زۆر ڕاستگۆترن بۆ فیلمی بەڵگەنامەیی؛ یەکێک لەوانە فردریک وایزمانە کە بە شێوازی سینەمای ڕاستەخۆ بە ناوبانگە، دەڵێت 'من گرنگی زۆرتر بە ماددە خامەکە دەدەم، لەبەر ئەوەی گرتە دەستکاریی نەکراوەکان ئەوە دەگوازنەوە کە ڕوودەدەن نەک بە تەنها لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، بەڵکو لە ڕووی ئاکاریی مرۆڤەکانیشەوە'.(Wiseman, 2015)

وێنەکان لە فیلمی بەڵگەنامەییدا دابەش دەبن بۆ چەند جۆرێک لەوانە:-

آ- **وێنەی جوڵاو Film یان Video :** واتە وێنەی زیندوو کە تەواوی وردەکارییەکان لە چاوی کامێراوە تۆمار دەکات و ساتێکی زەمەن لەکات و شوێنێکی دیاریکراوەوە دەگوازێتەوە بۆ جەماوەر. لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنییدا وێنەی جوڵاو کە لە یەک کاتدا جگە لە بینین دەنگی سروشتیی و واقعیی کۆکردۆتەوە، چەندین واتای بەهاداری هەڵگرتووە. (فەتحوڵا، حەسەن، ٢٠٢١، ل١٥٠)

ب- وێنەی جێگیر Still Images: پێناسەی ئەم جۆرە وێنەیە بەچەندین شێوەی جۆراو جۆردەکرێن بەڵام هەموو لەوەدا کۆکن کە وێنەیەکی نەجوڵاوە و لە وێنەی جوڵاو جودایە؛ بە نموونە 'بریتییە لە فۆتۆگرافێکی ئاسایی کە نە ڤیدیۆیە و نە فیلم' (Merriam-Webster, n.d)

یاخود تاقە وێنەیەکی بێ جوڵەیە کە دەتوانرێت لە وێنەی جوڵاو (وەک فیلم) جیا بکرێتەوە. ئەم زاراوەیە لە بواری وێنەگرتنی فۆتۆگرافییدا بەکاردێت جگە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی بینراو و بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەر، تا دڵنیا بینەوە لەوەی باس لە فیلم ناکەین. (Definitions.net, n.d.)

فەرهەنگی ئۆکسفۆردیش وا پێناسەی دەکات کە فۆتۆگرافێکی ئاساییە (بە پێچەوانەی وێنەی جوڵاوەوە) بە تایبەت کە تەنها وێنەیەکە لە فیلمێکی سینەماییەوە. *(Dorling Kindersley Limited (DK) & Oxford University Press, 1998)*

لێرەوە تێدەگەین وێنەی جێگیر دەشێت وێنەیەکی چرکێندراوی ساتە وەختێک بێت، فۆتۆگراف، نیگارێک، هێلکارییەک، تابلۆیەک یاخود هەر کەرەسەیەکی بینراوی تر کە بە پێچەوانەی وێنەی جوڵاوی فیلم و ڤیدیۆوە، نە گۆڕە و بەبێ جوڵە دەمێنێتەوە.

پ- گرافیک: واتە نیشاندانی هەر ڕاستیی و زانیارییەک کە بە چەندین شێوازی وەک نیگار، فۆتۆگراف، هێلکاریی ، دایەگرام، هێڵی بەیانیی، نەخشە، دەق تێهەڵکێشکردن، ژمارە .. تاد دەردەخرێن (Label Planet ) لە ئێستادا لە ڕێگەی هونەرمەندی گرافیکەوە بە بەرنامەی کۆمپیوتەریی تایبەت دروستدەکرێن و ڕوونکردنەوەی زۆرتر بۆ بینەران سەبارەت بە ڕووداوەکان دەخەنە ڕوو. (فەتحوڵا، حەسەن، ٢٠٢١، ل١٥٠)

ت- ئەنیمەیشن: بریتییە لە دروستکردنەوەی ڕووداو و کردەوەکان بە وێنەی هێڵکاریی. ئەم ئامرازە لە فیلمی بەڵگەنامەییدا بۆ نواندنەوەی ئەوەی کە نەبینراوە، تۆمار نەکراوە، بۆ نیشاندانی ڕوانگەیەکی تایبەت، یاخود شاردنەوەی ناسنامەی کەسێک بەکاردێن. سەرباری هەموو ئەمانە، ئەنیمەیشن بۆ دروستکردنی شێوازێکی بینینی دیار بەکاردێت و بەهۆیەوە فیلمەکە گیانێکی تایبەت بە خۆی پەیدا دەکات (Johnson, n.d.)

## ٥. تەکنیکەکانی بەکارهێنانەوەی وێنە ئەرشیفییەکان

وێنە ئەرشیفیەکان لە ڕێگەی کۆمەڵێک تەکنیکی گرنگەوە دەتوانن کاریگەریی گرنگ لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکەکان دروست بکەن. کە برتیتین لە هەریەک لە:

### آ- تەکنیکی قەبارەی وێنەکان:

گەرچی تاکو هەنووکە وشەی گرتە بەرامبەر Shot ی ئینگلیزی بەکاردەهێنرێت، کە مەبەست لێی قەبارەی وێنەیە، کەچی ڕاستییەکەی گرتە Take شتێکی ترەو مەبەست لێی ئەو کاتەیە هەر وێنە یان دیمەنێکی نیشاندراوی سەرپەردە دەیخایەنێت؛ بەو پێیە گرتەی درێژ و کورت هەن.

هەرچی قەبارەی وێنەیە ئەوا دابەش دەبن بۆ چەند جۆرێکی سەرەکیی وەک:,Extreme Wide Shot وێنەی پانی ئێجگار دوور ، Medium Shot مامناوەند ،Wide Shot, Long Shotدرێژ یاخود پان، Extreme Close Up ئێجگار نزیک ، Big Close Up نزیکی گەورە ، Close Up نزیک، جگە لەچەندانێکی تری وەکShot Full وێنەی پڕ ، Long Medium Shot مامناوەندی درێژ و، Medium Close Up نزیکی مامناوەند کە هەریەکەیان بە دوورابیەکی جیاواز دەردەخرێن ولەوێشەوە قەبارەی وێنەگیراو گەورەو بچووک دەردەکەون. بەم جۆرە دوراپی کامێرا و هاوێنەکان لە تەنەکانەوە یارمەتی ئەوەمان دەدەن کام وردەکارییانە لە چێوەکەدا سەرنج دەدرێن و کامانەش ئافەرۆز دەکرێن، هەروەها چەندە بابەتەکە گەورە دەردەکەوێت. (Philip.1999. pp 92-98)

ڕاستییەکەی هەریەک لەمانە کاریگەریی خۆیان لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکەکەو هاندانی بینەران بۆ ئاوێتە بوون و ئاشنا بوون بە وێنەگیراو هەن. بە نموونە وێنەی نزیک Close Up ڕەنگە بمانخاتە پەیوەندییەکی زۆر گەرموگوڕی وا لەگەڵ ئەو بابەتەدا کە لە سەر پەردەکە نیشان دەرێت، کە زۆرتر بێت لەوەی بە ئاسایی لەگەڵ نزیکترین هاوڕێیان و خێزاندا هەمانە' (Katz, p 123) پێویستە بزانین 'دوراپی ئاسایی لە تەلەفیزیۆندا بریتییە لە وێنەی مامناوەندMedium Shot تاکو وێنەی نزیک-Close Up، کەوا دەکات بینەر بخاتە پەیوەندییەکی نزیک و خۆشنوودانە لەگەڵ کارەکتەرەکانی سەر پەردە' (Fiske,2001, p7). بە بڕوای توێژەر ئەمەش بۆ قەرەبووکردنەوەی پەردەی گەورەی سینەمایە.

### ب- تەکنیکی جوڵەکانی کامێرا :

کامێرا کۆمەڵێک جوڵەی هەن کە دیارترینیان ئەمانەن. وەستاوStatic، بادانPan، هەڵبڕین Tilt Up ، داگرتن Tilt Down ، خولانەوەRotation ،(ڕێچکە هەڵگرتن بە هەردوو جۆر) چوونە پێشەوەin Track ، هاتنە دواوە Track Out ، بازنەیی Circular، چوونە ژوورە Push- In ، هاتنە دەرەوەPull Out، کرەین Craneکامێرای بەدەست هەڵگیراو Handheld Camera هەوایی Aerial Shot، کامێرای چەسپSteadicam (Van Sijll, 2005, pp168-192)

دواجار لێرەشەوە کۆمەڵێک ناوی تر دابڕاون و هەندێک جوڵەی تریش لە درێژە و هەناوی ئەم جوڵانەدا سەرهەڵ دەدەن، هەروەک بادان بەرەو ڕاستPan Right ، بادان بەرەو چەپ Pan Left ، چوونە ناوەوە Zoom In ، هاتنە دەرەوە Zoom Outو چەندانی تری وەک ڕەوڕەوە بۆ پێشەوە Dolly In ڕەوڕەوە بۆ دواوە Dolly Out کرەین بەرزکردنەوەCrane UP کرەین نزمکردنەوە Crane Down .

ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە هەموو ئەم جوڵانەی کامێرا کاریگەریی خۆیانیان لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکەکان جێدەهێڵن و هەریەک بە جۆرێک لێکدانەوەی سیاسییانە هەڵدەگرن.

### پ- تەکنیکی گۆشەکانی کامێرا و دیدگا

مەبەست لە گۆشەکان، دانانی کامێرایە بە ڕێژەی ئەو بابەتەی کە وێنەکەی دەگیرێت. ولیام فیلیپ وا باس دەکات کە هەڵبژاردنی ئەو گۆشانەی وێنەی بابەتەکانیان لێوە دەگیرێن تەکنیکێکی ترە کە فیلمسازەکان بۆ دەربڕینی واتای وێنەکان دەتوانن بەکاری بێنن (Phillips, 1999, p.100)

هەر ئەویش دەستنیشانی پێنج جۆر گۆشەی کامێرا دەکات کە بریتین لە دیدگای چاوی باڵندە Bird's- Eye View، گۆشەی بەرز High Angle، وێنەکانی ئاستی چاوEye Level Shots ، گۆشەی نزم Low Angle ، گۆشەی لار Dutch Angle؛ وەکوتر ئاماژە بۆ دووئامرازی تریش دەکات کە بریتین لە خاڵی بینین (دیدگا) Point of View(POV)هەروەها، دیدگای بەردەوام Sustained Point of View (Phillips, 1999, pp. 100-105)

بەو پێیە هەموو گۆشەیەکی دانانی کامێرا لێکدانەوەی سیاسییانەی جودای خۆی هەیە کە جودایە لەوانی دیکە. گۆشەی بەرز بە زۆری بۆ کەمکردنەوە و بچووککردنەوەی وێنەگیراو بەکاردێت، لەکاتێکدا گۆشەی نزم پێچەوانەکەیەتی. هەرچی ئاستی چاوە ئەوە وەک ناوەکەی پێشنیار دەکات، دیارە وەک ئەوەیە هاوێنەی کامێرا چاوەکانی مرۆڤ خۆی بن و وێنەگیراو لە بەرامبەر خۆیدا دەیبینن. لە کاتێکدا گۆشەی لار بۆ نیشادانی بێ سەروبەریی گێژیی یان دۆخێکی دەروونیی ئاڵۆزکاو، و ناجۆر بەکاردێت.

### ت- تەکنیکی دوور ودرێژیی گرتەکان:

مەبەست لە گرتە کە ئینگلیزییەکەی (Take)ە، ماوەی خایەندراوی هەر دیمەنێکە یان وێنەیەکە لەسەر پەردە کە دەشێت وەستاو (Static) یاخود جوڵاو بن، و بریتین لە گرتەکانی درێژ (Long Take)و کورت(Short Take) .

بەهۆکاری ئەوەی بە گشتیی یەکەمین فیلمەکان بۆ چەند خولەکێک بەردەوام دەبوون و بەشێوەیەکی ئاسایی لە یەک قەبارەی وێنە (Single Shot) پێکهاتبوون، سینەمای سەرەتا بە گرتەی درێژ دەناسرایەوە، بەڵام لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کۆکردن (Editing) دا ماوەی خایەندراوی ئەم وێنانە بە گشتیی کورت دەبوونەوە. (Kuhn & Westwell, 2020, p292)

لە فیلمی بەڵگەنامەییدا دوور و درێژیی گرتەکان جۆرەهان. پێویستە بوترێت کە هیچ ڕێسایەکی چەسپاو لەم کایەیەدا نییە و ئەوەی هەیە، دەمێنێتەوە سەر ویستی فیلمسازەکە، و تایبەتمەندێتیی شێوازی فیلمەکە. بەو شێوەیە دەبینرێت گەر ڕینوێنەکان بیانەوێت ژیان وەک خۆی نیشان بدەن گرتەی درێژ و نە پچڕاو بەکاردێنن، لە کاتێکدا هەشن بۆ گەیاندنی زانیاریی و گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان پەنا دەبەنە بەر گرتەی زۆر کورت و کۆکردنی زۆر خێرا. وەکوتر ڕەنگە درێژیی ئەم گرتانە لە فیلمێکەوە بۆ فیلمێک؛ لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێک و تەنانەت لە گرتەیەکەوە بۆ گرتەیەکی دی لە تەنها فیلمێکیشدا بگۆڕدرێن.

توێژەری ئەم باسە لەو باوەڕەدایە فیلمی بەڵگەنامەیی پڕە لە ڕووداو و کتوپڕیی؛ کەسی ڕینوێن گەلێک جار لەبەردەم ڕاستییەکدا خۆی دەبینێتەوە کە هەرگیز پێشتر چاوەڕوانی نەکردووە، بۆیە زۆرینەی هەڵبژاردنەکانی لەدایکبووی دۆخ و ئەو کات و

جێگەیەن کە وێنەکانی تێدا دەگیرێن و وتووێژەکانی تێدا ئەنجام دەدرێن. بە واتایەکی تر بە شێوەیەکی گشتیی فیلمی بەڵگەنامەیی بە پێچەوانەی فیلمی گێڕانەوەیی پێشتر سیناریۆی بۆ نەنووسراوە، نەخشەسازیی بۆ نەکراوە و لەسەرەتاوە پێشبینیی ڕووداوەکان و دەرئەنجامەکانی ناکرێن، بۆیە ناتوانرێت بڕیار لەسەر کورتیی و درێژیی گرتەو دیمەنەکانی پێشەکیی بدرێت.

بە شێوەیەکی گشتیی ئەوەی تا ئێستا باوە تەنها گرتەکانی درێژو کورت هەن، کە یەکەمینیان ڕەنگە چەند خولەکێک یان زۆرتر بخایەنێت، لە کاتێکدا گرتەی کورت، چەند چرکەیەک دەخایەنێت. بۆیە بە بڕوای توێژەر ئەو گرتانەی کە دەکەونە نێوان ئەو دوو ماوەیەوە، گونجاوترە بە گرتەی مامناوەند (Medium Take) بناسێنرێن، هەرچەندە دەشکرێت هەر گرتەیەک بەناوی ماوەی تەواوی خایەندراوییەوە ناوزەد بکرێت بە نموونە گرتەیەکی نیوخولەکیی، یان گرتەیەکی ٤٠ چرکەیی...تاد.

هەرچەندە هیچ پێوانەیەکی تایبەت نییە کە کام گرتە درێژە و کامە کورت، بەڵام ئەوەی روونە و لە سینەمادا و پێشتر چاودێری کراوە هەر دەیەیەک گرتەکان درێژییەکیان هەبووە، بە نموونە لە فیلمەکانی هۆلیود١٩٤٠ کاندا درێژیی گرتەکان بە تێکڕایی، نۆ چرکە بوون؛ لێرەوە هەر گرتەیەک لەو ماوەیە زۆرتری خایاندبێت بە گرتەی درێژ ئەژمار کراوە (Buckland, 1998, p.11) دیارە لەوەش کەمتر بە گرتەی کورت.

لێرەوە توێژەر بە سوود وەرگرتن لەو توێژینەوە دێرینە و بۆ ئاسانکاریی تێگەیشتن لەو جیاکارییە وا دەخوازێت گرتەکان بەو پێودانگە دابەش بکات و بۆ سێ جۆری سەرەکیی جودایان بکاتەوە، کە بریتیی بن لە گرتەی کورت (کەمتر لە چرکەیەک تا ٤ چرکە)، گرتەی مامناوەند (٤ چرکە بەرەو ژوور تا ٩ چرکە)، گرتەی درێژ (٩ گرتە بەرەو ژوور).

## ج- تەکنیکی هەڵبژاردنی ڕەنگەکان، وڕووناکیی

ڕەنگ زۆر ئەرک لە داڕشتنی بەرهەمدا لە خۆ دەگرێت، کە نەک بە تەنها بۆ نیشاندانی راستگۆیی وێنەکان بەکاردەبرێت، بەڵکو دەتوانێت دەربڕی کات و جێگەش بێت، پێناسەی کارەکتەرەکان بکات و هەمانکات سۆز، خولک Mood، ئەتمۆسفێرو هەستیاریی سایکۆلۆجییانەش دەربخات. (LoBrutto, 2002, p77) سەرباری ئەوەی 'فیلمی ڕەنگاو ڕەنگ بە زۆریی پێویستی بە ڕووناکیی دەستکرد هەیە، بەڵام لە ئێستادا کامێراکانی ڤیدیۆ، هەر بە ڕووناکیی مۆم دەتوانن وێنەی باش بگرن، کە هەست بکەیت ئیتر ڕووناکیی بۆ ڤیدیۆ پێویست نییە'. (Rabiger, 2004, p302) بەڵام کامێرا هەرزانبەهاکان بە تایبەت مایەی ترسناکیین چونکە بازنەی ڕووناکیی بە شێوەیەکی راستەوخۆ زۆرینەی وێنەکە ڕێکدەخات؛ ئەمە وا دەکات پێکهاتە ڕاستەقینەکان بە تاریکییەکی ڕێژەیی دەربکەون، ڕەنگ و ڕوونیی وێنەکانیش بناڵێنن. (Rabiger, 2004, p303)

## چ- تەکنیکی دەنگەکان:

مەبەست لە دەنگ هەموو ئەو کارتێکەرە بیستراوانەن، بینەرانی فیلمەکان دەیبیستن؛ کە بریتیین لە دەنگانەی لە جێگەی تۆمارکردنی ڕووداوەکان هەڵگیراونەتەوە، لە ناویاندا دەنگی سروشتیی ئەو شوێنە، دەنگی کارەکتەرەکان، پێشکەشکار، دواتر لە کرداری کۆککردندا بەرزو نزمییان پێدەکرێن، جۆرێکی تر لە دەنگەکان ئەوانەن دواتر لە ستۆدیۆ تۆمار دەکرێن وەک پلار، میوزیک، دەنگی دروستکراوە (فۆلی)، کارتێکەری تایبەتیی.. تاد کە دەخرێنە سەر وێنەو دەنگەکانی تر.

بەڵگەنامەیی بۆ ئەوەی کە کاریگەر بێت پشت بە دەستخستنی دەنگێکی ڕوون و چاکی ئەو جێگەیە دەبەستێت. (Rabiger, 2004, p313)

دەنگەکان دوو جۆرن، گێڕانەوەیی Diegetic Sound یاخود ناگێڕانەوەیی Nondiegetic Sound؛ جۆری یەکەمینیان هەموو ئەو دەنگانەن کە لە هەناوی چیرۆکی فیلمەکەوە هەڵدەقوڵێن، هەرچی دووەمینیانە ئەوە ئەو دەنگانەن کە لە کایەی چیرۆکەکەوە هەڵقوڵابێت وەک میوزیکی دارێژراوی فیلمێک. (Khun& Westwell, 2020,p446)

ئەو دەنگانەی لەسەر وێنە جوڵاوەکانی وێنە ئەرشیفییەکانن دەنگی بنەڕەتین، و تێکەڵەیەکن لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە و ناتوانرێت لێیان هەڵبژێردرێت و لەیەک جودا بکرێنەوە ، بۆیە پێویستە ئەو ڕاستییە بزانرێت لە کاتی چاککردنی دەنگەکاندا ، کەسی کۆککار (Editor) تەنها توانای دانانی دەنگی نوێی بۆ سەر فیلمەکان هەیە، نەک لابردنی ئەو دەنگانەی کە لە پاشخاندا هەن. (Rabiger, 2004, p319)بەشێوەیەکی گشتیی بەشێک لەو دەنگانەی لە فیلمدا دەبیسترێن بریتین لە:

**١. گێڕانەوە:** مەبەست دەنگی کەسی پلاربێژە Commentator's Voice کە لە فیلمە بەڵگەنامەییەکاندا بۆ دەستەبەرکردنی ئاقار، شیکار و لێکدانەوەی کرۆکی نیشاندراوی فیلمەکە بەکاردێت. بەو هۆیەوە فیلمساز دەتوانێت بینەرانی بەرەو تێگەیشتن لە ڕاستییەکان، بەڵگە و بابەتە نیشاندراوەکان ئاراستە بکات، سەرەڕای ئەوەی وەک چارەسەرێکیش بۆ دەرخستنی کێشەکان، سنورداریی و لایەنگرییەکان بەکەڵکە؛ هەمانکات پردێکە لە نێوان ڕێنوێن و بینەرانیدا تا بتوانن هەڵسەنگاندن و وتوێژ بکەن، و تیشک بخەنە سەر ئەو بابەتانەی لە فیلمەکەدا بەدەرخراون.

بیروڕا زۆرن لەسەر پێناسەکردنی پلاری فیلم، بە نموونە هاشم النحاس بە کرداری جوانکاریی دەیچوێنێت و وەک میوزیک بە مەکیاجی فیلم ناوی دەبات. (عبود. علاء مشذوب. ص ٧٧)

پلار دەکرێت دەنگی پشت پەردە (باڵا دەنگ، Voiceover) ی خواوەند یان دەسەڵات بێت یاخود گێڕانەوەیی، شاعیریی یان ئەدەبی، ڕەخنەگریی، خودیی، شارەزا، چاوپێکاریی .. تاد کە ئەمانەیان دەکرێت بەهەر دوو جۆر لەسەر پەردە یاخود دەری پەردە بن.

ب ەهەر جۆر ئەوەی کە بڕیار بەدەستە لە هەڵبژاردنی جۆری دەنگی پشت پەردە (باڵا دەنگ) ە ڕێنوێنی فیلمەکەیە؛ ئەو دەزانێت کام جۆری دەنگ، کام تۆن، کام لەرە، کام ڕەگەز نێر یان مێ،.. تاد بۆ بەرهەمەکە دەگونجێت.

## ٢- میوزیک:

میوزیک، توێژ (Layer) ێکی ترە کە فیلمساز بۆ جەخت کردنەوە لە بیرۆکە و پەیامی فیلمەکەی دەیخاتە پاڵ تێکڕای ئامرازەکانی تری گێڕانەوەکەی، تاکو بینەرانی بەو ئاراستە و پلەیەی خۆی دەیخوازێت ئاوێتەی باباتەکەی بێن، برەو بە هەستەکانیان بدات و قوڵتر لە کرۆکی چیرۆکەکەی تێبگەن.

وەک سیسیلیا هۆڵ دەنووسێت " میوزیک دەتوانێت بواری سۆزەکیی و سایکۆلۆجیی کارەکتەرەکان فراوان بکات و بە جۆرەها ڕێگە بینەران کۆبکاتەوە و بەشدارییان پێ بکات کە هیچ ئامرازێکی تر لە فیلمدا نەتوانێت ئەوە بکات". (Phillips,1999, p.177)

میوزیک جگە لەوەی کە تۆنی بەرهەمەکە دەخاتە ڕوو، چوارچێوەیەکیش بۆ دەق و تێکڕای کەرەسە بینراوەکان دادەڕێژێت، بە تایبەت ئەو لایەن و خاڵانەی کە دەویسترێن زەق بکرێنەوە. میوزیک دەتوانێت پردێکی تۆکمەی پێکەوە بەستنەوەی

تەواوی تەوەر و دیمەنەکانیش بێت، هەمانکات دەشێت بکرێتە نیشانەی جیاکاریی نێوانی دیمەن، گێڕانەوە و بۆچوونە جوداکانیش.

### ۳. دەنگی دەوروبەر (Ambient Sound)

مەبەست لە کۆی ئەو دەنگانەیە کە لە سروشتی ئەو جێگەیەی ڕووداوەکانی تێدا وێنە گیراوە، هەڵگیراوەتەوە. لە فیلمی تەواوکراودا، بە تایبەت بەڵگەنامەیی، بینەران وەک بەشێک لە ڕاستیی هەر دیمەنێک چاوەڕوانی بیستنی کەمێک لە دەنگی ژینگەیی دەوروبەرەکە دەکەن. گوێیەکان سروشتیی دەنگی دەوروبەر دەناسنەوە و ئەنجا لێیان هەڵدەهێنجن. (Rabiger, 2004, p319)

### ٤. وتووێژ (Dialogues)

ئەمە دەنگی هەموو ئەو کەسانە یان زیندەوارانە دەگرێتەوە کە لە شوێنی ڕووداوەکە تۆمارکراون؛ یاخود لە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، و لە بەڵگەنامەییەکەدا دیدگایەک بەرجەستە دەکەن. هەندێکیان ڕاستەوخۆ قسە بۆ کامێرا دەکەن یان ناڕاستەوخۆ دەنگیان دەرچووە. دەشێت زۆرینەی ئەم دەنگانە خۆڕسک بن و هیچ ئامادەکارییەکیان بۆ نەکرابێت و وەک وتووێژی ئاسایی دەربکەون، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەی ڕاستگۆییەو بەهایەکی زۆرتر دەخاتە سەر بەرهەمەکە.

### ٥. کارتێکەری دەنگیی (Sound Effects)

بریتییە لە هەموو ئەو دەنگە دروستکراوانەی کە نە وتووێژن و نە میوزیک(Monaco, 1981, p. 453). لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەشێک لەم دەنگانە بە بەرنامەی کۆمپیوتەریی دروست دەکرێن یاخود لە جێگەیەکەی ترەوە تۆمارکراون و دەگوازرێنەوە و دەخرێنە پاڵ دەنگەکانی تری وەک، وتووێژ، میوزیک، دەوروبەر.

زۆر جاریش هەندێک لە دەنگەکان کە بەشێکن لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە Diegetic Sound لەبەر چەند هۆکارێک لە کاتی وێنەگرتندا وەک پێویست نەبیستراون و مایکرۆفۆنەکان نەیانتوانیوە بیانچننەوە، بۆیە دواتر سەرلەنوێ لە ستۆدیۆی تایبەتدا بە فۆلی Foley دروست دەکرێنەوە. ئەو کەسەی ئەم کارە دەکات بە هونەرمەندی فۆلی Foley Artistناسراوە، کە چەندین جۆری کەرەستەی وەک ڕووپۆشی زەوی (بە زۆری لە ستۆدیۆدا) هاوشانی کارتێکەرە دەنگییەکان بەکاردێنێت تا بە هاوسازیی بخرێنە پاڵ وێنەکانی فیلم. (Philip.1999. p 570)

### ح- تەکنیکی بەکارهێنان، ڕێکخستن و تێهەڵکێشکردنی وێنە و گرتەکان

مەبەست لەمە کرداری کۆککردن (Editing) ی وێنە، گرتە و دیمەنەکانە لە پاڵ دەنگدا. لە سەرەتاوە ساڵانی ۱۹۲۰ کان، ڤسێڤلۆد پۆدۆڤکین شێوازەکانی کۆککردنی بە پێنج جۆر دابەش کرد، کە هەریەک لە: دژبەریی Contrast، هاوکاتیی Simultaneity، تەریبیی Parallelism، هێمایی Symbolism، جەختکاریی.Leitmotif (Van Sijll, 2005, pp 46-47) دواتر لە کۆتایی ۱۹۲۰ کاندا پۆدڤکین لەگەڵ هەریەک لە سێرجی ئەزنستاین، دی. دەبلیو. گریفیس و فریتز لانگ ئەم سەلیقەیەیان ئەوەندە سەرکەتووانە پێشخست کە هەرچی بەدوایدا هاتە گۆڕێ بریتی بوو لە جۆراوجۆریی ئەو تەکنیکە سەرەتاییانە. (Van Sijll, 2005, p. 47) بەو جۆرە چەند تەکنیکێکی تر پەیدا بوون کە بریتین لە: مۆنتاج Montage، ڕێکخستن Assembly، میزئۆنسێن Mise-en-scène، پێکەوەبرینIntercutting ، پەردەی دابەشکراو Split Screen، تواندنەوە Dissolves، بڕینی ناکاوSmash Cut (Van Sijll, 2005, p. 47)

دیارە هەموو ئەمانەش لە پێناوی بەڕوونیی گێڕانەوەی چیرۆکەکە و گەیاندنی پەیامەکەدایە، تا بتوانرێت لەو ڕێگەیەوە کاریگەریی لەسەر هەست و سۆزی بینەران دابنێت.

### ۷. مەرگەساتی هەڵەبجە

لە درێژەی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق- ئێراندا، (۱۹۸۰-۱۹۸۸) ڕۆژی ۱۹۸۸/۳/۱٤ شارۆچکەی هەڵەبجەو بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی دەوروبەری لە ئەنجامی هێرشێکی هاوبەشی هێزەکانی ئێران و پێشمەرگەکانی کوردستاندا کۆنترۆڵکران و سوپای ئەوکاتەی عێراقی لێ وەدەرنرا ، (عارف، ٢٠١٤، ص ٥٣-٥٤) وەک وەڵامدانەوەیەکی ئەو هێرشە ڕۆژی ۱۹۸۸/۳/۱٦ هەڵەبجە و ناوچەکانی دەوربەری کەوتنە بەرشاڵاوی کیمیایی بارانکردن لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە (حاجی مشیر، ۱۹۹۸، ل ١٦٤) ئەو ڕۆژە ٣٥٠٠ – ٥٠٠٠ کەس لە چەند خولەکێکدا مردن، ٧٠٠٠-١٠٠٠٠ کەسیش بریندار بوون، تووشی پەککەوتەیی یان کێشەی تەندروستیی درێژخایەن بوون. (VOA. 2018, March 15) ئەمە جگە لەوەی وەک نوخشە ساڵحی سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەش باس دەکات تا ئەمڕۆکە دوو سەد و حەفتا منداڵ ونن ، و حەفتاو چوار خێزانی کورد بە شوێنیاندا وێڵن. (Al-Shamari. 2021, December 4).

### ۸. وێنە ئەرشیفییەکانی تایبەت بەکیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە:

کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسی جەنگیی لەو ڕۆژانەدا لە ڕێگەی ئێرانەوە توانیان بگەنە ناوچەکەو تۆماری ئەو هێرشە دڕندانەیە لەسەر ناوچەکەو دانیشتوانەکەی بکەن.

وێنەکانی تایبەت بە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە ، خێرا خرانە بەردەستی زۆرێک لە کەناڵە میدیاییە ناوچەیی و جیهانییەکان و، دواتر بوونە بەشێکی گرنگ لە ئەرشیفیی نەتەوەیی کورد. لە ئێستادا ناوی بیست و هەشت کەس لەو ڕۆژنامەنووسانەی وێنەکانی ئەو تاوانەیان تۆمار کردووە ئاشکرا کراون (سەعید. ل ٩١-٩٣)، کە زۆرینە خەڵکی وڵاتی ئێرانن؛ جگە لە چەند ئەوروپاییەک، کوردیشیان تێدا هەن.

ئەم تراجیدیایە هێندە کاریگەر بوو زۆرێک لەو پەیامنێرانە نەیاندەتوانی ئیشەکەیان ڕاپەڕێنن. شەوکەت حاجی موشیر دەنووسێت 'من خۆم زۆر لەناوشاردا بووم، کە خبر نیگار و ڕۆژنامەنووسەکانی ئێرانیی و جیهانیی دەهاتنە ناو شارو هەواڵەکانیان کۆ دەکردەوە، بەڕاستیی زۆریان هەبوون خۆی بۆ ڕانەدەگیراو دەستی دەکرد بە گریان و لەشار دەرۆیشتەوە دەرەوە' (حاجی مشیر، ۱۹۹۸، ل ۱۸۲)

وێنەکان لە سەر ئاستی جیهان دەنگدانەوەیەکی گەورەیان بە دوای خۆیاندا هێنا و بوون بە بابەتێکی گرنگی تەواوی دەزگاکانی ڕاگەیاندن. هەرچەندە، ڕژێمی بەعسی بەغدا زۆر هەوڵیدا ئەم تاوانە بشارێتەوە؛ کە لە مێژوودا بە گەورەترین پەلاماری کیمیایی بۆسەر ناوچەیەکی پڕ لە خەڵکی سڤیل دادەنرێت(Federation of . n.d.) American Scientist

بەم شێوەیە ئەو وێنانە کە پەیتا پەیتا لەگەڵ شریتی هەواڵەکاندا پەخش دەکران، و دەکەوتنە بەردەست و چاو؛ بوون بە بەڵگەی حاشا هەڵنەگر بۆ دەرخستنی دڕندایەتیی ڕژێمی بەعسی عێراق بەرامبەر بە گەلی کورد و لە زۆر ڕیپۆرتاج و فیلمی بەڵگەنامەییدا سوودیان لێ وەردەگیران (سەعید، ٢٠١٤. ل ١٠٩)

گەرچی دیار نییە داخۆ ئەوەی تا ئەمڕۆکە لەبەر دەستدان، تەواوی وێنەکانن یاخود زۆر وێنەی وەستاو و جوڵاوی تریش هەن هێشتا نەبینراون؟ شەوکەت حاجی مشیر لە باسی ئەو ژمارە وێنەگرە ئێرانییانەی کە سەر بە هەموو کەناڵەکانی شارە گەورەکانی

ئەو وڵاتە بوون وێنەو هەواڵیان کۆکردۆتەوە و بڵاویان کردۆتەوە و بە هۆیانەوە گەیشتونەتە دەزگا ڕاگەیاندنە جیهانییەکان دەڵێت 'هەرچەند بەشێکی کەمیان بڵاوکردەوە، چونکە ئەوەی من دیبووم و وێنەیان گرت بڵاوبکرایەتەوە هیچ کەس خۆی لەبەر بینینیدا ڕانەدەگرت، هەر بۆیە زۆر لەو تاوانانەی ڕژێمی عێراق هێشتا لە ڕاگەیاندندا بڵاو نەکراونەتەوە' (حاجی مشیر، ١٩٩٨. ل ١٨٢)

## بەشی سێیەم
## لایەنی پراکتیکی (کردەیی) توێژینەوەکە

لەم بەشەدا شیکارییەک بۆ ئەو وێنە ئەرشیفییانە دەکرێت کە تایبەتن بە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە و لە فیلمە بەڵگەنامەییەکانی هەر چوار کەناڵی Rudaw, K24, KNN, NRTئاسمانی کوردییدا بەکارهێنراون. لێرەوە بە گرتنە بەری ژمارەیەک ڕێوشوێنی زانستیی و پشتبەستن بە ئامرازی شیکاریی ڕواڵەتی ناوەڕۆک ، بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەبێت:

### ١-دروستکردنی فۆڕمی شیکاریی:

بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە شیکارییەکی پاشوەختە، واتا فۆڕمێکی ئامادەکراو نییە بۆ شیکردنەوە بۆیە بۆ دروستکردنی فۆرمی شیکاریی سەرەتا لەلایەن توێژەرەوە تەواوی ئەو فیلمانە تەماشاکراوە کە توێژینەوەکە وەک نموونە وەری گرتوون و دواتر یەکە و دەستەکانی دیاریکراون.

### ٢- یەکەکانی شیکاریی:

ئەو توێژینەوانەی ئەم ئامرازە بۆ بواری نووسین بەکاردەهێنن، چەند یەکەیەکی شیکاریی وەک وشە، بیرۆکە، ڕستە، بڕگە، کەسایەتی دەگرنە بەر، بەڵام بەوپێیەی ئەم توێژینەوەیە تایبەت بوو بە شیکردنەوەی وێنە، بۆیە یەکەی: وێنە Shot، گرتە Take پشتیان پێ بەستراون، واتا هەر گرتەیە و بە جیا وەرگیراوە و شیکاریی بۆ کراوە کە هاوتەریب و هاوشێوەی یەکەکانی بڕگەو ڕستەیە لە بواری شیکردنەوەی دەقە نووسراوەکاندا، هەروەک لە ڕێزمانی زمانی سینەمادا دەوترێت (گرتە یەکسانە بە وشە) (عبدالرحمن،٢٠١٧، ص٥٦٩) واتە هەر گرتەیەک وشەیەکە و ئامرازەکانی پەیوەندیکردنیش ئەو کارتێکەرانەن کە گرتەکان پێکەوە گرێ دەدەن.

### ٣- دەستەکانی شیکردنەوە:

دەستەکان بەگوێرەی ڕێبازی شیکاریی ناوەڕۆک دەکرێن بە دوو بەشی سەرەکییەوە، یەکەمیان وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە (چی وتراوە؟) و تایبەتە بەخستنەڕووی ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی شیکاریی دەکرێن، دووەمیان وەڵامی ئەوپرسیارە دەداتەوە (چۆن وتراوە؟) و تایبەتە بەخستنە ڕووی ئەوشێوازەی کە ناوەرۆکەکەی خراوەتە ڕوو و زۆرتر پەیوەستە بەفۆڕمی ناوەڕۆکەوە.

ئەم توێژینەوەیە پشتی بەجۆری دووەم بەستووە کە تایبەتە بەوەڵامدانەوەی پرسیاری (چۆن وتراوە؟) بەوپێیەی ئەم توێژینەوەیە ئەو ئەرکانەی خستۆتە ڕوو کە وێنە ئەرشیفییەکان گێڕاویانە، واتا ئەو وەڵامەی داوەتەوە کە چۆن ئەو وێنانە بەکارهاتوون.

### ٤- ڕاستیی شیکاریی:

ئەم توێژینەوەیە جۆری ڕاستیی ڕواڵەتیی بەکارهێناوە، کە پیشاندانی فۆڕمی شیکارییە بە چەند پسپۆڕێک و هەڵسەنگێنەرێک بەمەبەستی بەئاگابوون لەڕاستیی ئەو فۆڕمەی بۆ شیکاریی کاری لەسەرکراوە؛ دوای بینینی فۆڕمەکە لە لایەن ژمارەیەک پسپۆڕی ئەکادیمییەوە کە بریتیبوون لە: (١- پ.ی. د کاروان محەمەد حەسەن ، پسپۆڕی تەلەفیزیۆن، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان. بەشی ڕاگەیاندن. ٢-پ.ی. د. ئاراز ڕەمەزان ئەحمەد، پسپۆڕی دیجیتاڵ میدیا، زانکۆی ڕاپەڕین. ٣- پ.ی.د عەبدولناسر مستەفا ئیبراهیم، پسپۆڕی ڕێنوێنیی سینەمایی، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی هونەرە جوانەکان ٤- پ.ی.د بەهات حەسیب قەرەداغی، پسپۆڕی تەلەفیزیۆن، زانکۆی پۆلیتەکنیکیی هەولێر ٥- پ.ی. د. هەژار محەمەد جەلال، پسپۆڕی ڕاگەیاندن، زانکۆی پۆلیتەکنیکیی سلێمانی، بەشی تەکنیکی میدیا). دوای وەرگرتنی سەرنج و تێبینییەکانیان، بەپێی هاوکێشەی ئاماری کۆپەر بەڕێژەی ٩٧،٨٢ کە بە ڕێژەیەکی بەرزدا دادەنرێت، دەستە و یەکەکان پەسەند کران.

### ٥- جێگیریی فۆرمی شیکاریی توێژینەوە:

بە مەبەستی گەیشتن بە جێگیریی ئامرازی توێژینەوەکە، توێژەر دوای تێپەڕبوونی ماوەی یەک مانگ بەسەر مێژووی شیکاریی یەکەمجاردا بۆ دەستە و یەکەکانی شیکاریی، جارێکی دی سەرجەم دەستەکانی فۆرمی شیکاریی، بۆ سەرجەم نموونەکانی توێژینەوەکە کە هەشت فیلمی بەڵگەنامەیی تایبەتن بەکیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە، شیکار کردووە. بە پشتبەستن بە هاوکێشەی ئاماری هۆڵستی بۆ جێگیریی، لە ئەنجامدا دەرکەوت ڕێژەی هاویەکیی جێگیریی دەکاتە (٠،٩٥٤)کە بەڕێژەیەکی بەرز دادەنرێت و ئاماژەیە بۆ جێگیریی ئامرازی توێژینەوەکە.

## بەشی چوارەم
## ئەنجامی کۆتایی شیکردنەوە

### جۆرەکانی فیلمی بەڵگەنامەیی بەکارهێنراو

دوای هەڵاوێردکردنی دەیتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە دەستەی (بەکارهێنانی جۆرەکانی فیلمی بەڵگەنامەیی تایبەت بە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە)، لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی (Rudaw، K24، KNN، NRT) دەردەکەوێت: بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانی جۆرەکانی فیلمی بەڵگەنامەیی، بە پلەی یەکەم لە جۆری دەخەرییە. وەک لە زانیارییەکاندا ڕوونکراوەتەوە نیوەی فیلمە بەڵگەنامەییە بەرهەمهێنراوەکانی کەناڵی ئاسمانیی (Rudaw و K24)، لە جۆری شرۆڤەیین. هەروەها لە هەردوو کەناڵی (KNN و NRT) کە لەماوەی سنووری توێژینەوەکەدا تەنیا (١) فیلمی بەڵگەنامەیی تایبەت بە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجەیان بەرهەمهێناوە لەم جۆرەی فیلمی بەڵگەنامەیین.

هەرچی فیلمی بەڵگەنامەیی جۆری چاودێرییە کە بە پلەی دووەم دێت لە بەکارهێنانیدا، تەنیا کەناڵی (Rudaw) لە نیوەی فیلمە بەرهەمهێنراوەکانیدا بایەخی پێداوە، کەناڵەکانی دیکە هیچ بایەخێکیان بە بەکارهێنانی نەداوە. جۆری فیلمی بەڵگەنامەیی ئاوێتەیی کە بەپلەی سێیەم دێت تەنیا لە کەناڵی (K24)دا بەکارهێنراوە و کەناڵەکانی دیکە فەرامۆشیان کردووە. بە بڕوای توێژەر زۆرترین بەکارهێنانی جۆری شرۆڤەیی لەلایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی ڕێنوێنی فیلمە بەڵگەنامەییەکان، مەبەستیانە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی شایەتحاڵێکەوە یان کەسوکاری قوربانییانی

ڕووداوەکانەوە ئەوەی لە ڕابردوودا بینراوە بگێڕدرێتەوە و تراجیدیای ئەو کۆمەڵکوژییە بەبێ دەستتێوەردان بخرێتە ڕوو لەلایەکی ترەوە ڕەنگە لەبەر ئاسانیی جێبەجێکردنی ئەم جۆرەی فیلمی بەڵگەنامەیی بێت بەبەراورد بە جۆرەکانی تر. بڕوانە خشتەی (١).

**خشتەی (١)**

**جۆرەکانی فیلمی بەڵگەنامەیی بەکارهێنراو لە کەناڵە ئاسمانییەکانی (NRT ،KNN ،K24 ،Rudaw)**

| کەناڵ / جۆری فیلم | Rudaw | | K24 | | KNN | | NRT | | کۆی گشتی یەکەکانی سەرجەم کەناڵەکان | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| شرۆڤەیی | ٢ | ٥٠ | ١ | ٥٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٥ | ٦٢,٥ | ١ |
| چاودێریی | ٢ | ٥٠ | ٠ | ٥٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢ | ٢٥ | ٢ |
| ئاوێتەیی | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١٢,٥ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٤ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٨ | ١٠٠ | |

**بەکارهێنانی جۆرەکانی وێنە:**

وەک لە خشتەی (٢) دا دەبینرێت، دوای کۆکردنەوەی دەیتا و زانیارییەکان دەردەکەوێت، سەرجەم کەناڵەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە فیلمە بەڵگەنامەییەکانیاندا، بە پلەی یەکەم و بەڕێژەیەکی زۆر بایەخیان بە بەکارهێنانی وێنەی جوڵاو داوە؛ ئەمەش بە لایەنێکی بەهێزی بەرهەمەکان دەژمێردرێت، بە هۆکاری ئەوەی وێنەی جوڵاو یاخود ڤیدیۆیی، زیندوێتیی و ڕەسەنایەتیی زۆرتر بە چیرۆکی فیلمەکان دەبەخشێت، بەوەش بینەر باشتر هەست بە ڕاستیی ڕووداوەکان دەکات. پاشان وێنەی وەستا و بەپلەی دووەم دێت، بەڕای توێژەر هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو سەردەمە گواستنەوەی ڕاستیی ڕووداوەکە و گەیاندنی بە ڕای گشتیی جیهان لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی وێنەکان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، خێراتر و بەربڵاوتر بووە. هەروەک بە ڕێژەیەکی کەمتر بایەخ بە بەکارهێنانی گرافیک دراوە کە بە پلەی سێیەم و ڕێژەیەکی نزم هاتووە.

**خشتەی (٢)**

**ڕادەی بەکارهێنانی جۆری وێنە ئەرشیفییە بەکارهێنراوەکان**

| کەناڵ / جۆری وێنە | Rudaw | | K24 | | KNN | | NRT | | کۆی گشتی یەکەکانی سەرجەم کەناڵەکان | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| جوڵاو | ١٩٢ | ٦٥,٠٨ | ١٢٢ | ٨٢,٩٩ | ٧٢ | ٦٦,٦٧ | ٢٥٨ | ٨٥,٧١ | ٦٤٤ | ٧٥,٦٨ | ١ |
| وەستاو | ١٠٢ | ٣٤,٥٧ | ٢٥ | ١٧,٠١ | ٣٣ | ٣٠,٥٦ | ١٩ | ٦,٣١ | ١٧٩ | ٢١,٠٣ | ٢ |
| گرافیک | ١ | ٠,٣٤ | ٠ | ٠ | ٣ | ٢,٧٧ | ٢٤ | ٧,٩٧ | ٢٨ | ٣,٢٩ | ٣ |
| کۆی گشتی | ٢٩٥ | ١٠٠ | ١٤٧ | ١٠٠ | ١٠٨ | ١٠٠ | ٣٠١ | ١٠٠ | ٨٥١ | ١٠٠ | |

**قەبارەی وێنە ئەرشیفییە بەکارهێنراوەکان:**

بەپێی دووباره بووەکانی دەستەی (وێنە ئەرشیفییەکان لەڕووی قەبارەی وێنەی بەکارهێنراوەوە لە فیلمە بەڵگەنامەییەکاندا) دەردەکەوێت: لە کۆی گشتیی (٨٥١) گرتەی فیلمە بەڵگەنامەییەکانی سەرجەم کەناڵەکاندا زۆرترین قەبارەی وێنەی بەکارهێنراو، بە پلەی یەکەم (وێنەی پان WS) ە و ' زۆرترین بەکارهێنانیشی لە کەناڵی (NRT) دا و کەمترینیش لە کەناڵی (K24) دا بەدی دەکرێت. دیارە ئەمەش بەلایەنێکی ئەرێنی فیلمەکان هەژماردەکرێت؛ بەو پێیەی بە شێوەیەکی گشتیی لە دەستپێکی فیلمەکانیاندا بە ئامانجی بەخشینی زۆرترین زانیاریی، هەوڵدراوە شوێنی ڕووداوەکان بە بینەران بناسێنن و هەمانکات کارەکتەرەکان لەو جوگرافیا دیاریکراوەدا دەربخرێن. بە پلەی دووەمیش بە مەبەستی ناساندن و نزیک بوونەوە لە ڕووداوەکان و دەرخستنی لایەنە گرنگەکانی دیمەنەکان سەرجەم کەناڵەکاندا گرنگیان بە وێنەی مامناوەند داوە. بەم جۆرە کەناڵی (Rudaw و NRT) زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە و هەردوو کەناڵی (KNN و K24) بەڕێژەیەکی نزیک لەیەکتر لە فیلمەکانیاندا پەنایان بردۆتە بەر. لە پلەی سێیەم و چوارەمدا بایەخ بە بەکارهێنانی وێنەی (نزیک و مامناوەندی نزیک) دراوە؛ کەناڵەکان لە ڕێگەی وێنەی نزیکەوە هەوڵیانداوە بەتەواویی وردەکارییەکانی ڕووداوەکە بخەنەڕوو، و لە ناخی کارەکتەرەکان نزیک ببنەوە، و بەو هۆیەوە بینەران بتوانن بە باشترین شێوە لەو تراجیدیایە بگەن. هەروەک بە پلەی حەوتەم لەڕێگەی وێنەی زۆر پانەوە هەوڵی ناساندنی زۆرتری جوگرافیا و شوێنی ڕووداوەکان دراوە. لە کاتێکدا لەسەرجەم کەناڵەکاندا کەمترین بایەخ بە بەکارهێنانی وێنەی (لەسەرووی شان) و (دابڕین) دراوە کە لە پلەی هەشتەم و نۆیەمدا دێن. هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی چیرۆکی فیلمەکان و ئەو وێنە ئەرشیفییانەی لەو سەردەمەدا تۆمارکراون کە کەمتر بایەخ بەوجۆرە تەکنیکانەی وێنەگرتن دراوە. **بڕوانە خشتەی (٣).**

**خشتەی (٣)**

**قەبارەی وێنە ئەرشیفییە بەکارهێنراوەکانی فیلمە بەڵگەنامەییەکانی تایبەت بە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا**

| کەناڵ / قەبارەی وێنە | Rudaw | | K24 | | KNN | | NRT | | کۆی گشتیی بڕگەکان | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| وێنەی زۆر دوور(زۆر پان یان زۆر درێژ) EWS,ELS | ٩ | ٣,٠٥ | ١٣ | ٨,٨٤ | ٢ | ١,٨٥ | ٠ | ٠ | ٢٤ | ٢,٨٢ | ٧ |
| وێنەی دوور ( وێنەی پان یان درێژ) WS, LS | ١٣٠ | ٤٤,٠٧ | ٥٦ | ٣٨,١٠ | ٦٤ | ٥٩,٢٦ | ١٣٧ | ٤٥,٥١ | ٣٨٧ | ٤٥,٤٨ | ١ |
| وێنەی مامناوەند MS | ٦٢ | ٢١,٠٢ | ٢٧ | ١٨,٣٧ | ٢٠ | ١٨,٥٢ | ٦٠ | ١٩,٩٣ | ١٦٩ | ١٩,٨٦ | ٢ |
| وێنەی نزیک CU | ٤٦ | ١٥,٥٩ | ٢٠ | ١٣,٦١ | ١٢ | ١١,١١ | ٣٩ | ١٢,٩٦ | ١١٧ | ١٣,٧٤ | ٣ |
| وێنەی نزیکی مامناوەند MCU | ١٠ | ,٣٩ | ١٢ | ,١٦ | ٧ | ,٤٨ | ٣٤ | ,٣٠ | ٦٣ | ,٤٠ | ٤ |
| وێنەی زۆر نزیک ECU | ٤ | ١,٣٦ | ٧ | ٤,٧٦ | ٠ | ٠ | ١٥ | ٤,٩٨ | ٢٦ | ٣,٠٦ | ٦ |
| وێنەی ئەمەریکایی USA | ١٦ | ٥,٤٢ | ٨ | ٥,٤٤ | ١ | ٠,٩٣ | ٥ | ١,٦٦ | ٣٠ | ٣,٥٣ | ٥ |

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| وێنە لەسەرووی شانەوە OTS | ١٣ | ٤,٤١ | ٤ | ٢,٧٢ | ٢ | ١,٨٥ | ١ | ٠,٣٣ | ٢٠ | ٢,٣٥ | ٨ |
| دابڕین Cutaway | ٥ | ,٦٩ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٠ | ,٣٢ | ١٥ | ,٧٦ | ٩ |
| کۆی گشتی | ٢٩ | ١٠ | ١٤ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | ٣٠ | ١٠ | ٨٥ | ١٠ | |

## بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێرا

لەڕووی بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێراوە لە کۆی گشتی سەرجەم ئەو وێنە ئەرشیفیانەی لە فیلمەکانیاندا بەکارهێنراون هەرچوار کەناڵی ئاسمانی نموونەی توێژینەوەکە، بە بەرزترین ڕێژە و بە پلەی یەکەم بایەخیان بە بەکارهێنانی گۆشەی ڕێک (ئاستی چاو) داوە، زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی لە کەناڵی ئاسمانی (NRT و Rudaw) و کەمترین ڕێژەش لە کەناڵی (KNN و K24)دایە. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی بەرهەمهێنانی فیلمەکاندا، فیلمسازەکان ئامانجیان ئەوە بووە لە ئاست ڕاستیی بینینی ڕووداوەکان لانەدەن و وەک خۆیان لە سەر زارو دیدی پاڵەوانەکانیانەوە بگێڕدرێنەوە. بە پلەی دووەم لە سەرجەم کەناڵەکاندا، گۆشەی بەرز بەکارهاتووە، کە زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی لە کەناڵی ئاسمانی (Rudaw) و کەمترینیشی لە کەناڵی (KNN)دایە. لێکدانەوەی ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەسی وێنەگیراو لە دۆخێکی ناجۆر یان مەترسیدارداییە، بچووکتر لەوەی کە هەیە دەردەخرێت؛ لەلایەنی کردەییشەوە ڕەنگە لەبەر ئاسانی وێنەگرتنەکە کە پێویستی بە دانیشتن یاخود خۆ نوشتاندنەوەی وێنەگر نییە بەتایبەت لە دۆخێکی ناهەمواریی وەک کیمیایی بارانکردندا. هەروەک لە پلەی سێیەمدا بایەخدراوە بە گۆشەی (نزم) کە زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی لە کەناڵی ئاسمانی (Rudaw) و نزمترین ڕێژەی لە کەناڵی (K24) دایە، ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە، کەناڵەکان لە بەرهەمهێنانی فیلمەکانیاندا ویستویانە پاڵەوانی چیرۆکەکانیان وەک خاوەن هێز و دەسەڵات نیشان بدەن، هەرچی گۆشەکانی (لار، زۆر بەرز و زۆرنزم) ن، ئەوا بە پلەی و چوارەم و پێنجەم و شەشەم دێن . گۆشەی لار کە زۆرترین ڕادەی بەکارهێنانی لە کەناڵی ئاسمانی (Rudaw و NRT) دایە، دەربڕی باری نەخوازراوی دەروونیی و دروستیی وێنەگیراو یان دژواریی دۆخەکەیە. هەروەک سەرجەم کەناڵەکان تاڕادەیەکی نزیک لەیەکتر بە ڕێژەیەکی کەم بایەخیان بە گۆشەکانی زۆر بەرز (چاوی باڵندە) و زۆر نزم (چاوی کرم) داوە. گۆشەی زۆر بەرز تا ڕادەیەک گشتگیرەو ڕاستەخۆ لەسەرەوە وەک چۆن باڵندەیەک خواری خۆی دەبینێت دەگیرێت، و بەزۆریی بۆ نیشاندانی کەسەکان، تەنەکان، جێگەک یان قەبارەی ئاپۆرایەک.. تاد، بەبێ ڕۆچوونە ناو وردەکارییەکان بەکاردێت. لە کاتێکدا گۆشەی زۆر نزم بۆ نیشاندانی مەترسیی و گەورەیی هەڕەشەکار یان مەزنیی وێنەگیراو پشتی پێ دەبەسترێت. **بڕوانە خشتەی (٤).**

**خشتەی (٤)**

**ەرکی وێنە ئەرشیفییەکان لەڕووی بەکارهێنانی گۆشەکانی کامێراوە**

| کەناڵ / گۆشەی کامێرا | Rudaw | | K24 | | KNN | | NRT | | کۆی گشتیی بڕگەکان | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| چاوی باڵندە (زۆر بەرز) | ٥ | ١,٦٩ | ٨ | ٥,٤٤ | ٥ | ٤،٦٣ | ١٤ | ٤,٦٥ | ٣٢ | ٣،٧٦ | ٥ |
| سەرووی ئاستی بینین (گۆشەی بەرز) | ٧٩ | ٢٦،٨ | ٤٤ | ٢٩،٩ | ٢٠ | ١٨،٥ | ٤٣ | ١,٢٨ | ١٨٦ | ٢١،٨ | ٢ |
| گۆشەی ڕێک (ئاستی بینین) | ١٤٧ | ٤٩،٨٣ | ٧٧ | ٥٢،٣٨ | ٧٠ | ٦٤,٨١ | ١٩٧ | ٦٥,٤٥ | ٤٩١ | ٥٧،٥٠ | ١ |
| خوارووی ئاستی بینین (گۆشەی نزم) | ٣٥ | ١١،٨ | ٥ | ٣،٤ | ٩ | ٨,٣٣ | ٢٢ | ٧,٣١ | ٧١ | ٨،٣٤ | ٣ |
| چاوی کرم (زۆر نزم) | ٢ | ٠,٦٨ | ٣ | ٢,٠٤ | ٢ | ١,٨٥ | ٤ | ١,٣٣ | ١١ | ١,٢٩ | ٦ |
| گۆشەی لار Dutch Angle | ٢٧ | ٩,١٥ | ١٠ | ٦,٨٠ | ٢ | ١,٨٥ | ٢١ | ٦,٩٨ | ٦٠ | ٧,٠٥ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٢٩٥ | ١٠٠ | ١٤٧ | ١٠٠ | ١٠٨ | ١٠٠ | ٣٠١ | ١٠٠ | ٨٥١ | ١٠٠ | |

## جوڵەکانی کامێرا:

لە پاش هەڵاوێردکردنی دەیتا و زانیارییەکانی خشتەی (٥)، تایبەت بە (ئەرکی وێنە ئەرشیفییەکان لەڕووی جۆری جوڵەی کامێرای بەکارهێنراوەوە)، دەردەکەوێت: لە کۆی گشتیی سەرجەم وێنە ئەرشیفییە بەکارهێنراوەکان، بە پلەی یەکەم بایەخ بە بەکارهێنانی کامێرای بێ جوڵە (Static) دراوە، هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وێنەگر لێگەڕاوە ڕاستییەکان چۆنن بەبێ کاریگەری جوڵەی کامێراو هەژموونی خۆی لەسەر کارەکتەر و ڕووداوەکانی تایبەت بەوکۆمەڵکوژییە وەک خۆی بگێڕیتەوە. لە کۆی گشتی گرتە بەکارهێنراوەکاندا بە پلەی دووەم ئەو وێنانە دێن کە بە کامێرای دەستیی واتە (هەڵگرتنی کامێرا بەدەستەوە یاخود لەسەر شان) نمایشکراو دێن کە لەچاو وێنەکانی تردا هەمیشە لەرزۆک دەردەکەون؛ زۆرترین بەکارهێنانی لە کەناڵی (Rudaw و NRT) دایە و کەمترین لە کەناڵی (K24 و KNN) دایە. ئەم جۆرە وێنەگرتنە لە کاری فیلمی بەڵگەنامەییدا زاڵترین و باوترینە، تا ئەوڕادەیەی کە بوترێت کارەکتەریکی دیاری فیلمە بەڵگەنامەییەکانە. لێرەوە لەبەر ئەوەی سروشتیی ڕووداوەکان بەو شێوەیەیە کە پێشتر نەخشەسازیی و ئامادەکاریی بۆ ناکرێت و نازانرێت چی ڕوودەدات و چۆن؛ کەی و لەکوێ، بۆیە وێنەگر بەم شێوازە دەتوانێت بەخێرایی فریای وێنەگرتنیان بکەوێت. هەروەها جوڵەی (Zoom) کردن کە بە پلەی سێیەم دێت بۆ نزیک بوونەوە و دوورکەوتنەوەی خێرا لە کارەکتەرەکان و دیمەنەکانی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە و دەوروبەری بەکارهێنراوە. هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئاسانیی بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە بەبەراورد بە جوڵەکانی تری کامێرا بۆ نزیک کەوتنەوە لە بابەتەکە یاخود نەبوونی بۆشایی پێویست بۆ جوڵە پێکردنی کامێرا. ئەمە جگە لەوەی زۆر جاریش وەک هۆکارێک بۆ جوانکاریی لە بەکارهێنانی وێنەکاندا پەنایان بۆ براوە.

لە پلەی چوارەمدا کەناڵەکان گرنگییان بە بەکارهێنانی جوڵەی (دۆڵی) داوە. هەرچەندە ئەم جوڵەیە بە هەڵگرێکی پێچکەدار (ڕەوڕەوە) ئەنجام نەدراوە وەک ئەوەی کە باوە، بەڵکو وێنەگر بەشان یاخود بەدەستی کامێراکەی بەهەمان جوڵەی دۆڵی بۆ ناوەوە یاخود بۆدەرەوە بەشێوەیەکی نەرم و لەسەرخۆ بەکارهێناوە. ئامانج لەم جوڵەیە پێدانی بەهایەکی دینامیکییە بە وێنەکە و هاندانی بینەران بۆ تێکەڵبوون بە بابەتەکە. بەبڕوای توێژەر ئەمە بەڵگەی ئەوەیە وێنەگرەکان لە کاتی کیمیایی بارانکردنەکەدا یاخود

دوای ڕوودانی پەلامارەکە بەبێ هەبوونی ئەو هەڵگرە پێچکەدارە تەنها بە کامێراکانیان ویستوویانە بچنە قوڵایی ڕاستییەکانەوە؛ ڕاستییەکەی ئەوان لە هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرترین زانیارییدا بوون سەبارەت بەو تاوانە گەورەیە و گواستنەوەی بۆ سەرجەم کەناڵە ناوخۆیی و جیهانییەکان، نەک بیرکردنەوە لە لایەنی تەکنیکیی وێنەگرتن و بەکارهێنانی هیچ ئامرازێکی تایبەت بە جوڵە تایبەتییەکانی کامێرا... تاد لەوساتە سەخت و دژوارانەدا. دیسانەوە دەردەکەوێت لەسەرجەم کەناڵەکاندا جوڵەی کەوانەیی (Arc)کامێراش کە پێویستی بە دابینکردنی ڕێچکەی تایبەت یاخود سوڕانەوەی وێنەگرە بە دەوری وێنەگیراودا، لەبەر نەبوونی ئەو پێداویستییانە یاخود پەلە پەلیی وێنەگرتن، سەرەڕای هەوڵدان بۆ پابەند بوون بە شێوازە نەریتییەکانی وێنەگرتنەوە لەو کاتانەدا کەمترین بایەخی پێدراوە. **بڕوانە خشتەی (٥)**

**خشتەی (٥)**

**مرکی وێنە ئەرشیفییەکان لەڕووی جۆری جوڵەی بەکارهێنراوی کامێراوە**

| کەناڵ / جوڵەی کامێرا | Rudaw | | K24 | | KNN | | NRT | | کۆی گشتیی بڕگەکان | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| بێ جوڵە Static | ٧٦ | ٢٥,٧٦ | ٢٠ | ١٣,٦١ | ٢٥ | ٢٣,١٥ | ٦٣ | ٢٠,٩٣ | ١٨٤ | ٢١,٦٢ | ١ |
| (کامێرای دەستیی) Camera Handheld | ٥٥ | ١٨,٦٤ | ١٦ | ١٠,٨٨ | ١٥ | ١٣,٨٩ | ٥٢ | ١٧,٢٨ | ١٣٨ | ١٦,٢٢ | ٢ |
| گەورەکردن و بچووککردنەوە Zooming | ٣١ | ١٠,٥ | ٢٥ | ١٧,٠١ | ٢٤ | ٢٢,٢٢ | ٣٥ | ١١,٦ | ١١٥ | ١٣,٥ | ٣ |
| (جوڵەی دۆلی بە شانی وێنەگرەوە) Dollying | ٣٠ | ١٠,١٧ | ٢٧ | ١٨,٣٧ | ٥ | ٤,٦٣ | ١٨ | ٥,٩٨ | ٨٠ | ٩,٤٠ | ٤ |
| Panning بادان بەلادا | ١٦ | ٥,٤٢ | ١٣ | ٨,٨٤ | ١٦ | ١٤,٨١ | ٣٣ | ١٠,٩٦ | ٧٨ | ٩,١٧ | ٥ |
| تێکەڵکردن Mixing | ١٩ | ٦,٤٤ | ١٩ | ١٢,٩٣ | ٩ | ٨,٣٣ | ٣٠ | ٩,٩٧ | ٧٧ | ٩,٠٥ | ٦ |
| Tracking ڕێچکە هەڵگرتن | ٢٤ | ٨,١٤ | ٦ | ٤,٠٨ | ٩ | ٨,٣٣ | ٢٧ | ٨,٩٧ | ٦٦ | ٧,٧٥ | ٧ |
| هەڵبڕین و داگرتن Tilting | ١٩ | ٦,٤٤ | ٧ | ٤,٧٦ | ٥ | ٤,٦٣ | ١٦ | ٥,٣١ | ٤٧ | ٥,٥٢ | ٨ |
| وێنەی هەوایی ( ئاسمانیی) (Arial Shots) | ١٤ | ٤,٧٥ | ٧ | ٤,٧٦ | ٠ | ٠ | ٢١ | ٦,٩٨ | ٤٢ | ٤,٩٤ | ٩ |
| کەوانەیی Arc | ١١ | ٣,٧٣ | ٧ | ٤,٧٦ | ٠ | ٠ | ٦ | ١,٩٩ | ٢٤ | ٢,٨٢ | ١٠ |
| کۆی گشتیی | ٢٩٥ | ١٠٠ | ١٤٧ | ١٠٠ | ١٠٨ | ١٠٠ | ٣٠١ | ١٠٠ | ٨٥١ | ١٠٠ | |

## تەکنیکی پێکەوە بەستنەوەی وێنە ئەرشیفییەکان لە ڕێگەی کارتێکەریی وێنەییەوە

بەپێی زانیارییەکانی تایبەت بە دەستەی (ئەرکی وێنە ئەرشیفییەکان لەڕێگەی کارتێکەریی وێنەیی بۆ پێکەوە بەستنەوەی وێنە نمایشکراوەکان)، وەک لە خشتەی (٦)دا خراوەتەڕوو، دەردەکەوێت: لە سەرجەم کەناڵەکاندا بە پلەی یەکەم، کارتێکەری (بڕین- Cut) بایەخی پێدراوە، کە زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی لە کەناڵی (K24) یە، پاشان هەردوو کەناڵی (Rudaw و NRT) بەڕێژەیەکی نزیک لەیەکتر گرنگیان پێداوە، لە کاتێکدا کەناڵی (KNN) کە بەراورد بەوانی دیکە کەمترین گرتەی وێنەی ئەرشیفیی هەبووە، کەمترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە. هۆکاری زۆرترین پەنابردنە بەر گرتەی بڕین دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، وەک یەکێک لە کارتێکەرە وێنەییە پڕ بایەخەکانی بەرهەمی تەلەفزیۆنیی، بۆ ڕاڤەکردنی چیرۆکی فیلمەکان و جەختکردنەوە لە ڕاستییەکان و دەرخستنی گۆڕانکارییەکان کاری پێکراوە. پاشان کارتێکەری (تواندنەوە- Dissolve) بە پلەی دووەم دێت، کە کەناڵی (KNN) بەراورد بەوانی دیکە بە زۆرترین ڕێژە سوودی لێوەرگرتووە . هەروەها کارتێکەری دەرکەوتن Fade in و دیار نەمان Fade outکە لە زۆرینەی فیلمە بەڵگەنامەییە تەلەفزیۆنیی و سینەماییەکاندا لە دەستپێک و کۆتایی فیلم یا خود گۆڕینی ساتی ڕووداوێک بۆ ساتێکی دیکە بەکاردەهێنرێت، بە پلەی سێیەم بایەخی پێدراوە. **بڕوانە خشتەی (٦).**

**خشتەی (٦)**

**ەکنیکی پێکەوە بەستنەوەی وێنە ئەرشیفییە نمایشکراوەکان لەڕێگەی کارتێکەریی وێنەییەوە**

| کەناڵ / کارتێکەریی وێنەیی | Rudaw | | K24 | | KNN | | NRT | | کۆی گشتیی بڕگەکان | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| بڕینCut | ٢٧٢ | ٩٢,٢٠ | ١٤٠ | ٩٥,٢٤ | ٨٧ | ٨٠,٥٦ | ٢٧٨ | ٩٢,٣٦ | ٧٧٧ | ٩١,٣٠ | ١ |
| تواندنەوەDissolve | ١٨ | ٦,١٠ | ٤ | ٢,٧٢ | ١٣ | ١٢,٠٣ | ٧ | ٢,٣٣ | ٤٢ | ٤,٩٤ | ٢ |
| Fadeدەرکەوتن – دیارنەمان in- Fade out | ٥ | ١,٦٩ | ٣ | ٢,٠٤ | ٨ | ٧,٤١ | ١٦ | ٥,٣١ | ٣٢ | ٣,٧٦ | ٣ |
| کۆی گشتیی | ٢٩٥ | ١٠٠ | ١٤٧ | ١٠٠ | ١٠٨ | ١٠٠ | ٣٠١ | ١٠٠ | ٨٥١ | ١٠٠ | |

## ماوەی گرتەکان:

سەبارەت بە دەیتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە تەکنیکی بەکارهێنانەوەی وێنە ئەرشیفییەکان لەڕووی گرتەوە (ماوەی مانەوەی وێنە لەسەر پەردە)، بەپێی ئەو جیاکارییەی توێژەر بۆ ئەم مەبەستە دەستنیشانی کردووە، و وەک لە خشتەی (٧)دا خراوەتە ڕوو دەردەکەوێت: لەسەرجەم کەناڵەکاندا گرتەی درێژخایەن Long Take ی وێنە ئەرشیفییە بەکارهێنراوەکان بە پلەی یەکەم دێت. ماوەی مانەوەی ئەم جۆرە گرتەیە لەسەر پەردە (٩ چرکە بەرەو ژوورە). بەبڕوای توێژەر ئەو ماوەیەش بۆ مانەوە لەسەر پەردەی تەلەفیزیۆن یاخود سینەما، بەتایبەت بۆ چیرۆکی تراجیدیی وەک کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە دەبێتە هۆی تێکچوونی باری دەروونیی بینەران، بەڵام هەمانکات ناتوانرێت ئاڤەرۆزیش بکرێت لەبەر ئەوەی کە گێڕانەوە و نیشاندانی ڕاستییەکان وا دەخوازن. بە پلەی دووەم گرتەی مامناوەند (نێوان گرتەی درێژو گرتەی کورت) Medium Take لە کەناڵەکاندا بایەخی پێدراوە، کە ماوەکەیان لە (٤ چرکە تاوەکو ٩) چرکەی خایاندووە. لەکاتێکدا بە پلەی سێیەم و کۆتایی بایەخ بە گرتەی کورتخایەن Short Take دراوە، کە لە کەناڵی (NRT)دا پتر لەوانی دیکە زۆرترین

| وێنە لەگەڵ میوزیک | ٧١ | ٢٢,١٢ | ٤٥ | ٢١,٢٣ | ٩٥ | ٤٩,٧٤ | ١٠٦ | ٢٦,٥٧ | ٣١٧ | ٢٨,٢٢ | ٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| وێنە لەگەڵ دەنگی سروشتیی | ١٢٧ | ٣٩,٥٦ | ٦٥ | ٣٠,٦٦ | ٤ | ٢,٠٩ | ٩٨ | ٢٤,٥٦ | ٢٩٤ | ٢٦,١٨ | ٣ |
| وێنە بەبێ دەنگ | ٦٤ | ١٩,٩٤ | ٣٠ | ١٤,١٥ | ٣ | ١,٥٧ | ٠ | ٠ | ٩٧ | ٨,٦٤ | ٤ |
| وێنە لەگەڵ کارتێکەری دەنگیی | ٢١ | ٦,٥٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢ | ٠,٥٠ | ٢٣ | ٢,٠٥ | ٥ |
| کۆی گشتیی[1] | ٣٢١ | ١٠٠ | ٢١٢ | ١٠٠ | ١٩١ | ١٠٠ | ٣٩٩ | ١٠٠ | ١١٢٣ | ١٠٠ | |

### بەکارهێنانی ڕەنگەکان:

وەک لە خشتەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە، وێنە ئەرشیفییە بەکارهێنراوەکان لە کەناڵەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا، لەڕووی پەنابردنە بەر ڕەنگەوە، بە پلەی یەکەم ڕەنگاو ڕەنگن و کەمتر وێنەی ڕەش و سپی دەبینرێن؛ هەمانکات هەوڵدراوە جۆرێتیی هەندێک لە وێنە ئەرشیفییەکان لەڕێگەی ڕاستکردنەوەی ڕەنگەوە (Color Correction)، بەرزبکرێتەوە و ناهاوسەنگیی وێنەکان کەم بکرێتەوە و لەگەڵ وێنە بەرهەمهێنراوەکانی خودی کەناڵەکاندا بگونجێن. زۆرترین ڕێژەی وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ لە هەردوو کەناڵی (K24 و NRT) دا بەدی دەکرێت، لە کاتێکدا هەردوو کەناڵی (Rudaw و KNN) لە بەکارهێنانی وێنەی ڕەش و سپیدا بەرزترین ڕێژەیان هەیە. **بڕوانە خشتەی (٩).**

**خشتەی (٩)**

**ەرکی وێنە ئەرشیفییەکان لەڕووی بەکارهێنانی ڕەنگەوە**

| کەناڵ / ڕەنگی وێنە | Rudaw | | K24 | | KNN | | NRT | | کۆی گشتیی بڕگەکان | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| ڕەنگاوڕەنگ | ٢٤٨ | ٨٤,٠٧ | ١٣٩ | ٩٤,٥٦ | ٨٣ | ٧٦,٨٥ | ٢٧٤ | ٩١,٠٣ | ٧٤٤ | ٨٧,٤٣ | ١ |
| ڕەش و سپی | ٤٧ | ١٥,٩٣ | ٨ | ٥,٤٤ | ٢٥ | ٢٣,١٥ | ٢٧ | ٨,٩٧ | ١٠٧ | ١٢,٥٧ | ٢ |
| کۆی گشتیی | ٢٩٥ | ١٠٠ | ١٤٧ | ١٠٠ | ١٠٨ | ١٠٠ | ٣٠١ | ١٠٠ | ٨٥١ | ١٠٠ | |

## دەر ئەنجامەکان

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا توێژەر گەیشتۆتە چەند دەرئەنجامێکی گرنگ لەوانە:

1. فیلمە بەڵگەنامەییەکانی تایبەت بە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بەپێی پۆلێنکردنەکەی بیل نیکۆلس بە زۆری لە سێ شێوازدا خۆ دەنوێنن؛ کە

بەکارهێنانی بۆ کردووە، و ماوەکەی (٤ چرکە یان کەمتر)ی خایاندووە. **بڕوانە خشتەی(٧).**

**خشتەی (٧)**

**ەرکی وێنە ئەرشیفییەکان لەڕووی گرتەوە (ماوەی مانەوەی وێنە لەسەر پەردە)**

| کەناڵ / ماوەی وێنە | Rudaw | | K24 | | KNN | | NRT | | کۆی گشتیی بڕگەکان | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| درێژخایەن Long Take | ١٤٩ | ٥٠,٥١ | ٧٧ | ٥٩,١٨ | ٦٤ | ٦٦,٦٧ | ١٤٧ | ٤٨,٨٤ | ٤٣٧ | ٥١,٣٥ | ١ |
| مامناوەند Medium Take | ٨٨ | ٢٩,٨٣ | ٥٥ | ٣٠,٦١ | ٣١ | ٢١,٢٩ | ٨٥ | ٢٨,٢٤ | ٢٥٩ | ٣٠,٤٤ | ٢ |
| کورتخایەن Short Take | ٥٨ | ١٩,٦٦ | ١٥ | ١٠,٢٠ | ١٣ | ١٢,٠٤ | ٦٩ | ٢٢,٩٢ | ١٥٥ | ١٨,٢١ | ٣ |
| کۆی گشتیی | ٢٩٥ | ١٠٠ | ١٤٧ | ١٠٠ | ١٠٨ | ١٠٠ | ٣٠١ | ١٠٠ | ٨٥١ | ١٠٠ | |

### تێکەڵکردنی دەنگ و وێنەکان پێکەوە:

لەپاش هەڵاوێردکردنی دەیتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە (ئەرکی وێنە ئەرشیفییەکان لەڕووی تێکەڵکردنەوە) دەردەکەوێت: کەناڵە ئاسانییەکانی (Rudaw، K24، KNN، NRT) بۆ پتر جەختکردنەوە لە ڕووداوەکان و ڕوونکردنەوەی بابەتی فیلمەکان و ناساندنیان بە بینەران بە پلەی یەکەم گرنگیان بە بەکارهێنانی وێنە ئەرشیفییەکان لەگەڵ پلاردا داوە. بەجۆرێک تێکەڵکردنی وێنە لەگەڵ پلاردا بە ڕێژەیەکی زۆرتر لە کەناڵەکانی (NRT و KNN) بە بەراورد بە هەردوو کەناڵی (Rudaw و K24) بایەخی پێدراوە. بە پلەی دووەم کەناڵەکان میوزیکیان لەگەڵ وێنەکاندا داناوە، کە بە بڕوای توێژەر بەشێک لەم میوزیکانە لەلایەن کەناڵەکانەوە تایبەت بەوێنە ئەرشیفییەکان بە شێوەیەکی ساکارانە تۆمارکراون و هەندێکی دیکەشیان لە ئەرشیفەوە وەرگیراون. پاشان بەپلەی سێیەم بایەخدراوە بە بەکارهێنانی ئەو دەنگە سروشتیانەی لە وێنە ئەرشیفییەکانەوە وەرگیراون و وەک خۆیان بەبێ دەستکاریی دانراونەتەوە، کە زۆرتر لە کەناڵی Rudaw دا بەکارهێنراوە؛ هەروەک هەندێک لە وێنەکانیش بۆ زۆرتر تێڕامانی بینەران لەڕووداوەکان و پشوویەکی کورت بەبێ دەنگ نمایشکراون. جگە لەوە سەرنج دەدرێت لە فیلمەکاندا کەمترین بایەخ بە کارتێکەرە دەنگییەکان دراون و تەنیا کەناڵەکانی (Rudaw و NRT) زۆرجار وەک جێگرەوەی دەنگی سروشتیی سوودیان لێ وەرگرتووە. **بڕوانە خشتەی (٨).**

**خشتەی (٨)**

**ەرکی وێنە ئەرشیفییەکان لەڕووی میکساجەوە (تێکەڵکردنی وێنە لەگەڵ دەنگدا)**

| کەناڵ / وێنە و دەنگ | Rudaw | | K24 | | KNN | | NRT | | کۆی گشتیی بڕگەکان | | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | |
| وێنە لەگەڵ پلاردا | ٣٨ | ١١,٨٤ | ٧٢ | ٣٣,٩٦ | ٨٩ | ٤٦,٦٠ | ١٩٣ | ٤٨,٣٧ | ٣٩٢ | ٣٤,٩١ | ١ |

ئەوانیش بە پلەی یەکەم شێوازی شرۆڤەیی، ئەنجا چاودێریی و سێهەمینیش ئاوێتەییە. هەرچی سێ شێوازەکەی ترن کە بریتیین لە هەڵبەستیی(شیعریی)، نمایشیی، و ڕەنگدانەوەیی لە هیچ کام لەو فیلمانەدا دەرناکەون. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بێئاگایی فیلمسازەکان لە شێوازەکانی تری فیلمی بەڵگەنامەیی و بە زۆریی خۆ بەستنەوە بە شێوازی نەریتیی شرۆڤەیی لەبەر ئاسانی جێبەجێکردنی.

2. وێنەگرەکان و لەوانیشەوە ڕێنوێنی فیلمەکان ئەوەندەی مەبەستیان دەرخستن و گواستنەوەی ڕاستییەکان بووە، بە هێندەی ئەوە گرنگییان بە لایەنی تەکنیکیی و هونەریی وێنەکانیان نەداوە.
3. وێنەی جوڵاو بایەخی زۆرتر پێدراوە تاکو وێنەی وەستاو. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە کە وێنەی جوڵاو، بە هۆی هەبوونی دەنگ و جوڵە تیایدا پێکەوە زۆرتر لەباریدایە ڕاستییەکان بگوازێتەوە و بەرجەستە بکات. سەرباری ئەوەی کە زۆرینەی وێنەکانیش ڕەنگاو ڕەنگن و کەمتر وێنەی ڕەش و سپی بەکارهاتوون.
4. زۆرترین گۆشەی کامێرای بەکارهێنراوی وێنەکان، گۆشەی ڕێک (ئاستی چاو) ن لە کاتێکدا کەمترینیش گۆشەی هەرە نزم (چاوی کرم)ن. گۆشەی ڕێک زۆرتر ڕاستیی بەرجەستە دەکات، هەروەک چۆن لە ژیانی ڕۆژانەدا کاتێک مرۆڤەکان پێکەوە دەدوێن بەو ئاستە سەیر دەکەن یاخود سەرنجی دەوروپشت دەدەن. هەرچی گۆشەی هەرە نزمە دووورە لە شێوازی بینینی ئاساییەوە و بۆ نیشاندانی گەورەیی و قەبارەی وێنەگیراو یاخود ترسناکیی لایەنی بەرامبەر بەکاردێت.
5. کارتێکەری وێنەیی بۆ پێکەوە بەستنەوە و تێکەڵکردنی گرتەو دیمەنەکان تا ڕادەیەکی بەرچاو نەریتیین، و پەنا نەبراوەتە بەر زۆر تەکنیکی کاریگەری تر بۆ ئەو مەبەستە.
6. کەناڵەکان لە پێناوی بەهێزکردنی بینینی وێنەکان و پێدانی زانیاریی زۆرتر سەبارەت بە بابەتی فیلمەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو گرنگییان بە بەکارهێنانی پلار داوە لەگەڵ وێنەکاندا؛ وەکوتر بە پلەی دووەم بایەخ بە دانانی میوزیک دراوە، گەرچی سەرنج دەدرێت کە زۆرینە ساکارن و هیچ پارچەیەکیان ئۆرکسترایی نین؛ هەمانکات بەشێکیش ئەرشیفیین یاخود جیهانیین و لە شوێنانی ترەوە هێنراون؛ لەگەڵ ئەوەشدا جار جارە لەبری دەنگی سروشتیی پەنا براوەتە بەر کارتێکەری دەنگیی؛ هەندێك بۆنەش وێنە بە بێدەنگی نمایش کراوە، و ویستراوە لەو ڕێگەیەوە کاریگەرییەکی زۆرتر لەسەر بینەران دابنرێت.
7. سەرەڕای ئەوەی کە دیمەنەکان مایەی خەمبارکردن و ئاڵۆزکردنی باری دەروونیی بینەرانن، کەچی هێشتا گرتەی درێژ لە مامناوەند و کورتخایەن زۆرتر پەنای براوەتە بەر. هۆکاری ئەمە ڕەنگە ویستی نەپچڕاندنی گرتەکان بێت، لە پێناو دەرخستن و گێڕانەوەی ڕاستییەکان وەک خۆیان.

## پێشنیارەکان

توێژەر لە پێناو هەرچی پتر پێشخستن و بەرجەستەکردنی تاوانی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە لەم فیلمە بەڵگەنامەییانەی ئەو چوار کەناڵە ئاسمانییە کوردییە، دوای هەڵسەنگاندنی گشت تەکنیکە بەکارهاتووەکان، دەخوازێت ئەم چەند پێشنیارە بخاتە ڕوو:

1. فیلمسازانی کورد پێویستە هەر بەوەندە نەوەستن کە تا ئەمڕۆکە دەیزانن، بەڵکو دەبێت هەمیشە لە ڕێگەی چڕکردنەوەی هەوڵەکانیان و فێربوونی تەواوی ئەو تەکنیکە نوێیانەی، بەردەوام لەم کایەیەی هونەردا دێنە گۆڕێ هەنگاو بنێن و خۆ پێش بخەن.
2. پێویستە فیلمسازی کورد کە فیلمی بەڵگەنامەیی لەسەر ئەم تاوانە گەورەیە دروست دەکات تەنها پەنا نەباتە بەر جۆری شرۆڤەیی، بەڵکە دەبێت لە پێناو گەیاندنی ئەو تراجیدیایە گەورەیەدا جۆرەکانی تریش تاقیبکاتەوە.
3. پێویستە بۆ بەستنەوەی دیمەنەکان تەنها پەنا نەبرێتە بەر تواندنەوە، بڕین و کاڵ بوونەوەو تێر بوونەوە، بەڵکو پێویستە دژبەریی، هاوتەریبیی و هاوکاتیی، دابەشکردنی پەردە... تاد، بەکاربێنن.
4. پەنا بردنە بەر دروستکردنەوەی هەندێک لەو دیمەنانەی کە وێنەکانیان بەردەست ناکەون ئەویش لە ڕێگەی ئەنیمەیشن یاخود نواندنەوەی هەندێکیانەوە.
5. لە پێناو پێشخستنی جۆرێتیی بینین و بە سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیای نوێ هەوڵی بەدیجیتەڵکردن و تۆکمەکردنی هەموو ئەو کەرەسە ئەرشیفییانەی وەک وێنە، شریتە ڤیدیۆیی و فیلمەکانی سەبارەت بە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە کە لە بەردەستدان بدەن، بەو مەرجەی ئازار بە ڕەسەنایەتییان نەگات.

## راسپاردەکان

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی ڕاپرسیی لەسەر هەڵوێستی دانیشتوانی هەڵەبجە و دەوروبەری سەبارەت بەو فیلمە بەڵگەنامەییانەی لەسەر کیمیایی بارانکردنی شارەکەیان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا دروست کراون.
2. چاوپێکەوتنی ڕێنوێنی فیلمە بەڵگەنامەییەکان و تێگەیشتن لەوەی کە ئاخۆ لەڕێگەی فیلمەکانیانەوە گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی بڕوا بە تەواوی مرۆڤایەتیی بهێنن کە گەلی کورد چی ناهەقییەکی بەرامبەر کراوە؟
3. هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو تەکنیکە نوێیانەی کە بە هۆیانەوە دەتوانرێت فیلمە بەڵگەنامەییەکانی تایبەت بە کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجەی پێ پێشبخرێت.
4. بەراوردکردنی ئەم فیلمانە لەگەڵ چەندانێک لەو فیلمە بەڵگەنامەییە دیارانەی سەبارەت بە کۆمەڵکوژیی گەلانی تری جیهان بەرهەمهێنراون، لە پێناوی سوود وەرگرتن لەو تەکنیک و هۆکارە گرنگانەی کە بوونەتە مایەی سەرکەوتنی فیلمەکانیان.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە ئینگلیزییەکان

**Books**


Buckland, W. (1998). Film Studies. Hodder & Stoughton. UK.

Dorling Kindersley Limited (DK) & Oxford University Press. (1998). Illustrated Oxford Dictionary. Dorling Kindersley Limited and Oxford University Press. Great Britain

Fiske, J. (2001). Television Culture (11th ed.). Routledge. London, New York.

Katz, S. D. (1991). Film Directing, Shot by Shot: Visualizing from Concept to Screen. USA.

Kuhn, A., & Westwell, G. (2020). Oxford Dictionary of Film Studies (2nd ed.). Oxford University Press. United Kingdom.

LoBrutto, V. (2002). The Filmmaker's Guide to Production Design. Allworth. New York.

Monaco, J. (1981). How to Read a Film: The Art, Technology, Language, History, and Theory of Film and Media (Revised Edition). New York; Oxford: Oxford University Press.

Top of Form

Nichols, B. (1991). Representing Reality. Indiana University Press. USA.

Nichols, B. (2017). Introduction to Documentary (3rd ed.). Indiana University Press. USA.

Phillips, W. H. (1999). Film: An Introduction. Bedford/St. Martin's. Boston, MA, USA.

Rabiger, M. (2004). Directing the Documentary (4th ed.). Focal Press. USA.

Van Sijll, J. (2005). Cinematic Storytelling: The 100 Most Powerful Film Conventions Every Filmmaker Must Know. USA.


**Websites: (Internet Articles and Notes)**


ICA: International Council on Archives. (n.d.). What Are Archives? Retrieved from https://www.ica.org/en/what-archive (Cited on: February 12, 2023, at 21:43)

Johnson, J. P. (n.d.). An Animation in Documentary: A Beautiful Paradox. Film Obsessive. Retrieved rom https://filmobsessive.com/film/film-analysis/film-genres/documentaries/animation-in-documentary-a-beautiful-paradox/

KNN TV. (n.d.). Retrieved from https://apps.apple.com/kw/app/knn-tv/id1406349580?l=ar

Kurdistan24. (n.d.). About Kurdistan 24. Retrieved from https://www.kurdistan24.net/ckb/about

Merriam-Webster. (N/A). Still Photograph. Retrieved from https://www.merriam-bster.com/dictionary/still%20photograph

nrtOne TV. (2021, May 5). Retrieved from https://play.google.com/store/apps/details?id=com.nrtOne.tv&hl=en&gl=US&pli=1

Rudaw Media Network. (n.d.). About Rudaw Media Network. Retrieved from https://www.rudaw.net/english/about#:~:text=Rudaw%20Media%20Network%20is%20an,manner%20as%20its%20main%20goal.

Selway, K. (2017, August 29). Bill Nichols' 6 Modes of Documentary. Retrieved from https://liftoff.network/bill-nichols-6-modes-documentary

(Cited on: February 14, 2022, at 00:36)


**Masterclasses**


"Master Class, Ken Burns Shares 9 Useful Tips for Sourcing Archival Footage." (2021, June 7). Masterclass. Retrieved from https://www.masterclass.com/articles/ken-burns-shares-useful-tips-for-sourcing-archival-footage

(Cited on: January 11, 2023, at 23:25)


**Personal Notes:**


Martis, N. (2009). Personal Notes: Diploma in Filmmaking 'Documentary' (Course taught by Shane O'Sullivan). WAES, London.


### کتێبە کوردییەکان


(حاجی موشیر، ١٩٩٨) شەوکەت، کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، بەهاری١٩٨٨، سلێمانی، چاپی یەکەم.

(سەعید، ٢٠١٤)، حەمەی حەمە، گازبارانی هەڵەبجە و ڕاستی ڕووداوەکە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامیی


### کتێبە عەرەبییەکان


(اوفدرهايدي، ٢٠١٣) باتريشيا، الفيلْم الوثائقي، مقدمة قصيرة جدا، ترجمة: شيماء طه الريدي، مراجعة: هاني فتحي سليمان، الطبعة الاولى، مؤسسة هنداوي للتعليم و الثقافة، جمهورية مصر العربية، القاهرة

(عارف، ٢٠١٤) بكر حمه صديق، حلبجة في مواجهة سموم الموت، الطبعة الاولى، بيروت

(عبود، ٢٠١٢) علاء مشذوب، بحوث و دراسات في السينما و التلفزيون ، مراجعة د. صباح مهدي الموسوي. الطبعة الاولى، دار اراس للطباعة و النشر، اربيل.


### توێژینەوە زانستییەکان

### بەزمانی ئینگلیزیی


Karim, H. F., & Baser, B. (2023). Collective Memory in Post-Genocide Societies: Rethinking Enduring Trauma and Resilience in Halabja. Review of Middle East Studies, 56(1), 56-72. Published by Cambridge University Press on behalf of Middle East Studies Association.

https://www.cambridge.org/core/journals/review-of-middle-east-studies/article/collective-memory-in-postgenocide-societies-







rethinking-enduring-trauma-and-resilience-in-halabja/386DF1CBC8E86D242EFE73618D47E815.

### به زمانی کوردیی:

(فەتحوڵڵا، حەسەن، ٢٠٢١)، ئیبراهیم سەعید، نەبەز ئەحمەد، بەکارهێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرهەمهێنانی راپۆرتی تەلەڤزیۆنیدا: توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ راپۆرتە هەواڵییەکانی هەردوو کەناڵی (GK) و .(KNN) گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە ٨، بەرگی٤

### به زمانی عەرەبیی:

(راضی، فتح الله، امين،٢٠٢١) أ.د. فاضل راضي، أ.م.د. ابراهيم سعيد، جيا ياسين ،اثارة السلوكيات السلبية االجتماعية في البرامج الحوارية لقناة NRT الفضائية دراسة تحليلية، مجلة الباحث الاعلامي العدد ٥٤.
(عبدالرحمن، ٢٠١٧) كاوه عزالدين، استخدام مؤثر القطع في فيلم "كويستاني سيي، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە ١٣. بەرگی یەک.

## توێژینەوە زانکۆییەکان

### به زمانی کوردیی

(سەعید، ٢٠٢٢) کوێستان قادر، بەکارهێنانی تەکنیکی وێنە لە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا. زانکۆی سلێمانی . کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی راگەیاندن.
(رەشید، ٢٠١٨) صلاح احمد، رۆڵی بەرنامەی دۆکیومێنتەری تەلەڤیزیۆنی لە بەخشینی زانیاری سەبارەت بە کارەساتی هەڵەبجە بە هاوڵاتیانی هەردوو پارێزگای (سلێمانی و هەڵەبجە) بە نموونە. ماستەرنامە. زانکۆی سلێمانی. کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان. بەشی راگەیاندن.

### به زمانی عەرەبیی

(عباس، ٢٠١٨) هاوار مصطفى، توظيف المواد التسجيلية المرئية لاوضاع المجتمع العراقي بعد الاحتلال ٢٠٠٣، رسالة ماجستير. القاهرة، معهد البحوث و الدراسات العربية التابع لجامعة الدول العربية.
(حسين، ٢٠١٠) عبدالصمد قادر، الافلام الوثائقية في قناة كوردسات الفضائية التلفزيونية. دراسة تحليلية للمدة بين ٢٠٠٧/١/١- ٢٠٠٨/١٢/٣١. رسالة ماجستير. جامعة السليمانية. كلية العلوم الانسانية. قسم الاعلام.

**'چەند وێنەیەکی قەبارە و گۆشەی جیاوازی تاوانی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە '**






IRNA 1934